محەمەد مەنگوڕی

# شەوێک لە شەوانی شازدە مانگەی زیندانی ئینفرادی ئەمنی هەولێر

چاپی سێیەم

بۆردی هۆشیاری - بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

محەمەد مەنگوڕی

# شەوێک لە شەوانی
## شازدە مانگەی زیندانی ئینفرادی ئەمنی هەولێر

چاپی سێیەم

بۆردی هۆشیاری - بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

-ناوی کتێب:شەوێک لە شەوانی شازدە مانگەی  زیندانی ئینفرادی ئەمنی هەولێر

-نووسەر: محەمەد مەنگوڕی

- دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر

- چاپخانە:  تاران

- چاپ: سێیەم ـ 2025

- تیراژ: ( 500 ) دانە

-زنجیرە: ( 560/ 87 )

- ژمارەی سپاردن: (1821 )  لە ساڵی  2025 بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری - بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی راگەیاندن  و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com　　inf@puknow

ئەم کتێبە پێشکەشە بە :

* گیانی زیندووی هەردوو هەڤاڵی شەهیدم
«جەعفەر عەبدولواحید و یوسف دەرگەڵەیی»
کە زۆر تاڵ و سوێریمان پێکەوە دیوە.

محەمەد مەنگوڕی

# ژیاننامەی مامۆستا محەمەد مەنگوڕی

کێوێك هەرەسی هێنا، دەریایەك ووشك بوو، ئەستێرەیەك کوژایەوە، فریشتەیەك لە شەقەی باڵیدا و بەرەو جیهانی باڵا فڕی.

لە هاوینی (١٩٤٠) دا لە گوندی ترکەشی سەر بە شارۆچکەی پیرانشاری رۆژهەلاتی کوردستان خوا کۆرپەیەك دەبەخشێتە حەسەن محەمەدی مەنگوڕی و هاوسەرەکەی خاتوو فاتیمە سمایل، ناو لەو منداڵە دەنێن محەمەد و پەروەردەی ئاینی ئیسلامی پێ دەبەخشن، لە چرکەساتی یەکەمدا کە لە کۆشی دایکی بەر دەبێتەوە دەس بە گریان دەکات، گۆی مەمکی دایکی دەمژێ ژیر دەبێتەوە، پەنجەی دۆشاومژەی باوکی دەگرێ و چاوەکانی دەکاتەوە بە هێما پێیان دەڵێ، ئەگەر گەورە بم و خوا تەمەنم درێژ بکا، دوارۆژ خزمەتی ئێوە و نەتەوەکەم دەکەم.

ئەو خێزانە هەژارە خێر لەخۆ نەدیوە زۆر ناخایەنێ لە ساڵی (١٩٤٥) هەڵدەوەشێتەوە. دایك و باوك لە یەکتر جیادەبنەوە؟! مام حەسەن، محەمەدی کۆرپەلە دەخاتە سەر ملی و بەرەو باشوور ڕەو دەکات لە شارۆچکەی ڕواندز دەگیرسێتەوە، حاجی حەبیب عەبدوڵڵا سلێمان کە دەکاتە باوکی هەڤاڵی تێکۆشەر (عەبدوڵڵا حەبیب)ی هاوڕێمان لەگەڵ عائیشەی خێزانی، لە خۆیانی دەگرن و هاوکاریان دەبن.

مام حەسەن خەریکی کار و کاسبی دەبێ و وەستای رەژوو بووە.

لە ساڵی (١٩٤٩)، مام حەسەن بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات،

(حاجی حەبیب) محەمەدی بێکەس دەگرێتە خۆی وەك کوڕەکانی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات و دەیخاتە خوێندنگە. محەمەد مەنگوڕی گەورە بوو، خوێندنی تەواو کرد، لە ساڵانی (١٩٥٨-١٩٥٩) بە مامۆستا لە گوندی (قەشقە - لەکان) دامەزرا، لە ساڵی (١٩٦٦) زەماوەندی لەگەڵ خاتوو فەوزیە خانی کچی سمایل رەسوڵ کرد. خوا دوو کوڕ و سێ کچی پێیان بەخشی بە ناوی (ئارام، رێباز، تارا، هێرۆ و پەرێز).

مامۆستا محەمەد مەنگوڕی خۆی لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبینێتەوە، کادرێکی سیاسیی وریا و لە رێکخستن بلیمەت و چالاك بوو، نووسەرێکی بەهرەداری لێدەرچوو. کتێبێکی بە چاپ گەیاند لەژێر ناوی (گوڵاڵەکانی رۆژگار) سەدان وتەی بەنرخ و پەند و قسەی نەستەقی تیا کۆکردبۆوە، دەیان وتاری لە گۆڤارەکانی دەنگی مامۆستا، پێشڕەو، هەولێر، نووسەری نوێ، رۆشنبیر ... هتد.. بڵاوکردەوە، ئەندامی چالاکی یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد بوو، لە ساڵەکانی (١٩٧٠-١٩٧٤) بەشداریی سەرەکی بوو لە زنجیرە کۆڕێك لە تەلەفزیۆنی موسڵ و کەرکوك دەربارەی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی. سیاسییەکی دیار، دەستپاك، داوێن پاك، هێمن، لەسەرخۆ و کەمدوو بوو، نهێنی پارێز بوو، زۆر بەوەفا و راستگۆ بوو. دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەی بوو، هاوڕێی پەنجا ساڵیی من، شەهید یوسف دەرگەڵەیی و دڵشاد حەمەدئەمین کۆیی بوو، لە ساڵی (١٩٨٦) لەلایەن دەزگاکانی ئەمنی هەولێر دەستگیر دەکرێ. هەر لە زینداندا بوو چەند ناپاکێك لەوانە (ش. ع. ب) کە پێشمەرگە بوو، تەسلیم بە رژێم بووبۆوە و بوو بە سیخوڕی دوژمن دەچێتە ئەمن و ئاگاداریان دەکاتەوە کە مەنگوڕی کەسێکی زۆر ترسناکە و لێپرسراوی

هەولێر و مۆری مەڵبەندی یەکێتی لایە و لە کۆنفرانسی دوو و سێی کۆمەڵە بەشداری کردووە.

دوای شەش مانگ ئەشکەنجە و شازدە مانگ زیندانیی تاکە کەسی، بەبێ ئەوەی دان بنێ بەو تۆمەتانەدا، زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپاو ڕەوانەی ئەبوغرێب کرا، لەئەنجامی ئەو ئەشکەنجانە تووشی دەیان نەخۆشی بوو تا کۆچی دوایی کرد و چووە کاروانی نەمرانەوە.

لە بەهاری پڕ جەفا، لە دونیای بێ وەفا لە شاری سلێمانی ڕەشەبای ناوەخت لە بەدبەختی کورد هەڵیکرد، گەردەلوولی بای نەدامەت، ئاسمانی شاری پڕ کرد، بووە بە تەرزە بوو بە زریان، بوو بە تۆفان، چ کارەساتێکە خوایە؟!

مامۆستای کوردایەتی محەمەد مەنگوڕی دوایین سەفەری کرد و هەتا هەتا ماڵئاوایی لێکردین.

برای ئازیز و خۆشەویستم، باوکی کاکە ئارام و کاکە ڕێباز، ئەگەر دەمزانی وا زوو کۆچ دەکەی و کۆتا دیدار و یەکتر بینینمانە، توند توند لە ئامێزم دەگرتی و خۆم دەکردە پاسەوانی گیانە بێگەردەکەی تۆ، چونکە تۆ بینایی چاوانی، هەوێنی کوردایەتی و خۆڕاگری ناو زیندانەکانی ... ڕێبەر و ڕێنیشاندەری مامۆستا و کەسی سیاسی و تێکۆشەری نەتەوەیی هەر وەکو ڕووبار وایە نە کۆتایی دێ و نە لە بن دێ، کاکی برا کاکە مەنگوڕی:

بەڕاستی هەر تۆی گەشتر لە ئەستێرەی ئاسمان،
هێمنتر لە دەریای بێ بن
شیرینتر لە شەکر
ناسکتر لە گوڵ

راستگۆتر لە ترپەی دڵ
هەر خۆت بووی مامۆستا مەنگوڕ.

مەنگوڕی هەموو جار دەیگوت کورد لەناوخۆ گیرۆدەی ناڕێك و ناکۆکییە خۆ خۆرە و دیاردەیەکی ترسناکە، هەر لەبەر ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٦٦) لە پارتی دیموکراتی کوردستان دابڕام و وازم هێنا، لە ساڵی (١٩٨٣) لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی دوورکەوتمەوە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێهەڵچوومەوە. دوای رووداوەکانی (٣١)ی ئابی (١٩٩٦) لە شاری سلێمانی یەکمان گرتەوە و ئەو کرا بە قائیمقامی هەولێر لە کۆیە تا ساڵی (٢٠١٠) خانەنشین کرا و لە (٢٠١٨/٤/٢٢) رێبەر و ڕووناکبیرێکی دیار و ناسراو، سیمبولی سەرفرازیی و داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی گەلی کوردمان لەدەستدا و گەیشتە کاروانی نەمران.

---

* ئەم بابەتە، لە لاپەڕەکانی (١٩١-١٩٧)ی پەرتووکی (شرۆڤەی رووداوە مێژووییەکان چەند لاپەڕەیەکە لە مێژوویی نەتەوەیەك بەسەرهاتی حکومەتێك)، بەرگی دووەم، لە نووسینی دکتۆر ئەحمەد شەریف لەك، دوای ئەوەی بۆچوونی ئەو وەرگیراوە، دانراوە.

# بیرەوەریی ئازارەکانی
# مامۆستا محەمەد مەنگوڕی

پێشتر دوور بە دوور وەکو نووسەر و کەسێکی بەهەڵوێست ناوی مامۆستا محەمەد مەنگوڕیم بیستبوو. یەکێك لە کتێبەکانی ئەویشم هەبوو بە ناوی (گوڵاڵەکانی رۆژگار)، کە قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی هەموو میللەتانی جیهانی تیابوو. دوای دەستگیرکردنم لە رۆژی (٢/ ٣/ ١٩٨٦) لەلایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و پاشان گواستنەوەم بۆ ئەمنی کۆنی هەولێر لە رۆژی (٢٩/ ٣/ ١٩٨٦) دا، لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی هەمان ساڵ، رۆژێك ژووری ژمارە یەکی تاکژوورەکان (ئینفرادی) یان بەپەلە چۆڵکرد و کەسێکیان بردە ئەو ژوورە، دوای رۆیشتنی جەللادەکان، دەرگای هەر سێ ژوورەکە کرایەوە و بەخێرهاتنی ئەو کەسە نوێیەمان کرد، کە مامۆستا محەمەد حەسەن مەنگوڕی بوو.

لەو رۆژەوە تا رۆژی (٢ /٨/ ١٩٨٦)، لە تاکژوورەکان لەگەڵ مامۆستا پێکەوە بووین، کە لەو رۆژەدا گواستراینەوە بۆ ئەمنە نوێکەی ئەوبەری شەقام کە هەر بەرانبەر بە ئەمنە کۆنەکە (ئەمنی چایخانەی بایز)ی بوو، بەهۆی گەرمی ئەمنە نوێکەوە بۆ شەو هەمووومانیان گەڕاندەوە ئەمنە کۆنەکە و مەنگوڕی برایەوە تاکژوورەکان، ئێمەشیان بردە ژووری حەوزەکە، دواتریش لە رۆژی ( ١/ ١٠/ ١٩٨٦) دا دووبارە هەموو زیندانییەکان گواستراینەوە بۆ ئەمنی نوێ و محەمەد

مەنگوڕی دیسان برایەوە بۆ تاکژوورەکان و تا ڕۆشتنیشم بۆ دادگا لە ڕۆژی (١٩٨٦/٥/٣١) دا ئەو هەر لە تاکژوورەکان مابووەوە. کەواتە دوای مانەوە و بەسەربردنی شازدە مانگی پڕ لە ئازار، ناخۆشی، ناسۆر، تەنیایی، نەخۆشی پێست، بێخۆراکی، بێجوولەیی، بێ چایی و بێ جگەرەیی، کە چا و جگەرە خاڵی هەرە لاوازی مامۆستا بوون و بەبێ چا خواردنەوە و جگەرەکێشان بێزاری، بێهێزی، تووڕەی و گۆشەگیری پێوە دیار بوو.

مەنگوڕی، لە رۆژی (١٩٨٦/٢/١٢) دا گیرابوو، تا دوای بردنی ئێمە بۆ دادگا کە ژمارەمان (٢٦) کەس بوو، پاش چەند رۆژێك ئەویان لە تاکژوورەکان گواستبووەوە بۆ یەکێك لەو چوار ژوورەی ئەمنی نوێ، دواتریش لە رۆژی (١٩٨٧/٨/٣٠) دا بە زیندانیکردنی (هەتا هەتایی) سزا دراو گواسترایەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب، ئینجا لەوێ دووبارە یەکترمان بینییەوە.

ئەو ماوەیەی کە لە تاکژوورەکانی ئەمنە کۆنەکە بووین (ناوەڕاستی مانگی نیسان – ١٩٨٦/٨/٢)، کە دەکاتە سێ مانگ و نیو، مامۆستا مەنگوڕی لە ژووری یەك و منیش لە ژووری دوو بووم. ئەو باکی بە ئەشکەنجە نەبوو، ترسی نەبوو، ورەبەرز بوو، گەر چەند رۆژێك بانگیان نەکردبایە و ئەشکەنجەیان نەدایە، خۆی بەتوندی لە دەرگای دەدا، کە چەند جارێك ئەو کارەی کرد، لێمان دەپرسی:

(بۆ وا بەتوندی لە دەرگای دەرەوەی ئینفرادی دەدەیت)؟

لە وەڵامدا دەیگوت:

(با بێن بمبەن و ئەشکەنجەم بدەن، ئەی بۆ فاشیزم و داگیرکەران گەر لێمان نەدەن و ئەشکەنجەمان نەدەن؟ با بێن دارکاریم بکەن، ئەشکەنجەم بدەن تا فاشییەتی خۆیان، حکومەت و حزبەکەیان بسەلمێنن)!

ئەو هاوڕێیانەی لەو کاتە لە تاکژوورەکان بووین، بە هەموومان ئەومان ئارام دەکردەوە و دەستمان دەکرد بە گاڵتە، قسەی خۆش، نوکتە، گۆرانی، یان گوێگرتن لە چیرۆکە درێژ و پڕ لە چێژەکانی سەبری حەسەن ڕەشۆ برادۆستی، کەشێکی وامان دروست دەکرد بۆ ئەوەی مەنگوڕی خۆی لەبیر بکات.

ئەوەی زۆر مەنگوڕی بێزار دەکرد، ئەشکەنجە نەبوو، بەڵکو هێنانی سیخوڕێك بوو کە ئەوی بەگرت دابوو، هەروەها قسەی زۆری لەسەر کردبوو، تەواوی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە ناوبراو لە ماوەی (١٠) ساڵی ژیانی سیاسی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەیزانی، هەمووی بە زیادەوە گەیاندبووە ئەمنی هەولێر و ملازم عەتائوڵڵا موسا خەلیفە سامەڕائی. ملازم عەتا، ماوە ماوە ئەو سیخوڕەی دەهێنا و ڕووبەڕووی مەنگوڕی دەکردەوە، سیخوڕەکەش وەکو ئەوەی بۆ ماڵی باوکی بیکات هەموو نهێنییەك و قسەیەکی لەسەر ناوبراو دەکرد، مامۆستاش هەموو جارێکیش سیخوڕەکەی بەدرۆ دەخستەوە و نکۆڵی لەوە دەکرد کە پەیوەندی بە کۆمەڵە و یەکێتییەوە هەبووبێت، بەڵام سیخوڕەکە وازی نەدەهێنا، بۆیە ملازم عەتا و ئەمنی هەولێر بێویژدانانە و زۆر بەتوندی ئەشکەنجەیان دەدا. بە ئەشکەنجەش نەیاندەتوانی کێوی ورەی بەرزی هەرەس پێبێنن، بۆیە دوای دارکاری و کێبڵباران و فەلاقەکردن بە هیلاکی فڕێیان دەدایەوە تاکژوورەکان، دوای ڕۆیشتنی جەللادەکان دەرگای هەر سێ ژوورمان دەکردەوە و دەچووینە لای مەنگوڕی، کە بە ئەشکەنجە نیوەمردوو و شڕیان کردبوو، بە ئاستەم نوزەی دەهات و دەیگوت: (دیسان ئەو حیزەیان هێنایەوە بەرانبەرم، نازانم تا کەی وازم لێناهێنێت. بەڵام هەر شێرم، کە هیچم نەبێت خۆ بوختان بەخۆم ناکەم و بەزۆر

خۆم بکەم بە دکتۆر). مەبەستی لە حیزەکە، سیخوڕەکە بوو، هەروەها مەبەستی لە (بەزۆر خۆم بکەم بە دکتۆر)، ئەوەبوو بەزۆر نایەوێت دانی پێ دابنێت (ئیعتراف بکات)، کە پەیوەندی بە هیچ پارت و ڕێکخراوێکەوە نییە.

ئەو سێ مانگ و نیوەی لەگەڵ مەنگوڕی لە تاکژوورەکان بووم، چوار یان پێنج جار ئەو سیخوڕەیان هێنایە بەرانبەر مامۆستا مەنگوڕی، کە منیش سیخوڕەکەم دەناسی و جارێك ملازم عەتا هەڕەشەی ئەوەی لێکردم کە ئەو سیخوڕە دەهێنێتە بەرانبەرم، بەڵام باش بوو تەنیا هەڕەشە بوو و نەیهێنا. سەرەڕای ئەو چوار بۆ پێنج جارەی کە سیخوڕەکە هاتە بەرانبەر مەنگوڕی، هەفتەی جارێك یان دوو جار ئەویان دەبرد بۆ ئەشکەنجەدان، بەڵام هەر جارێك کە دەهاتەوە بە نووزەش بوایە: (دەیگوت هەر شێرم)، واتە دانپێدانانم نییە، هەر کەسێکی تریشیان بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان ببردایە، کە دەگەڕایەوە، ئەو هەردەم ئەو پرسیاری دەکرد: (جارێ پێم بڵێ شێری یان ڕێوی)؟ گەر بیگوتایە: (شێر)، دەیگوت: (پیاو دەبێ هەردەم ئاوا شێر بێ و بە شێری بمێنێتەوە)، خۆ کەسێك بیگوتایە کە قسەی کردووە، بە تووڕەییەوە لێی دەهاتە وەڵام و دەیگوت: (ئای لە منت نەکەوێ، پیاو چۆن دەبێ ئیعتراف بکات، گەر پەنجەمۆریان پێت نەکردووە، بەس بانگ کرایتەوە، پەشیمان بەوە و نەکەی ئەوجارە ئیعتراف بکەیتەوە). ئەو ئامۆژگارییەی مەنگوڕی زۆر کێشە و سەریەشەی بۆ دروست کرد، دوای ئەوەی ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە زانیان و قسەیان بۆ گەڕاوە کە ناوبراو ئامۆژگاریی دیلە پێشمەرگەکان و زیندانییەکان دەکات کە خۆڕاگربن و نهێنی نەدرکێنن، چەند جارێك بانگیان کردو ئەشکەنجەی دڕندانەیان دا بەتایبەت کە خۆی هیچ دانپێدانانێکی نەبوو.

مامۆستا مەنگوڕی، یەکێك بوو لەو کادر و رۆشنبیرانەی زیندان کە لە ئەبوغرێب هاتە مەیدانی هۆشیارکردنەوە و رۆژانە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر بابەتی سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریان بۆ زیندانییەکان باس دەکرد، هەمان کات هەوڵی ئەوەیان دەدا هیچ کەسێك لە کورد نەکەوێتە داوی ئەمن و موخابەراتی رژێم و خۆی بە حزبی بەعس بفرۆشێت. مامۆستا مەنگوڕی، سەرەڕای ئەوەی کە نووسەر، رۆشنبیر و سیاسەتمەدارێکی باش بوو، هەمان کات شاعیریش بوو، کە یەك تاکە شیعری ئەوم دەستکەوتووە، کە ئەویشی بۆ شەهیدان نووسیوە:

ئەگەر کەعبە یەکەم قیبلەی موسڵمانە
قودسیش دووەم
ئەگەر دڵدارانی وڵات روودەکەنە گۆڕەکەی
زین و کاکەمەم
چیم پێ دەڵێن لە گەرمیانە لە کوێستانە
پێشم بڵێن وەرگەڕاوی بێئیمانە
من تەنیا یەک قیبلەم هەیە
ئەویش گۆڕی شەهیدانە

دوای راپەڕینی یازدەی ئاداری ساڵی (١٩٩١)ی هەولێر و رزگارکردنی ئەو شارە، بەشێکی زۆر لە دۆسێیەی ئەو سیخوڕ و خۆفرۆشانە کەوتە بەردەست، یەکێك لەو سیخوڕانە ئەو کەسە بوو کە مەنگوڕی بەگرت دابوو، لە راپۆرتێکی چوار لاپەڕەییدا زانیاری زۆر وردی لەسەر ناوبراو دابووە ئەمنی هەولێر، فایلێکی تری ئەو

سیخوڕەم لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ بینی، کە پۆلێك هاوڕێی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی بەگرت دابوو، کە هەموویان لە ئەمنی هەولێر گوللەباران کرابوون، فایلەکە نزیکەی سێ سەد بۆ چوار سەد لاپەڕە دەبوو، کە یەکە یەکە ڕووبەڕوو شایەتی لە دژی هەر هەموویان دابوو. لە هەمووی سەیرتر، ئەو سیخوڕە تەنانەت ناوی برایەکی خۆیشی هێنابوو کە پێشتر لەگەڵ محەمەد مەنگوڕی لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کاری کردبوو، بەڵام ئەو کاتە براکەی لە سنووری مەڵبەندی سێی هەولێر لە سماقوڵی پێشمەرگە بوو!

هەر بەگوێرەی ئەو فایلەی کە لە ئەمنی هەولێر لە ڕاپەڕیندا گیرا، سیخوڕەکە لە رۆژی (١٩٨٧/٧/٢٣) دا و ملازم عەتائیڵڵا موسا خەلیفە سامەڕائی-ش لە رۆژی (١٩٨٧/٨/٣٠) دا لە دادگای بەناو شۆڕش لە دژی محەمەد مەنگوڕی بەنهێنی شایەتیان داوە، بۆیە ناوبراو بە زیندانیکردنی (موئەبەد) سزا درا، کە لەڕاستیدا گەر دادگا دادپەروەر بوایە دەبوایە ئازاد بکرێت، لەکاتێکدا هیچ دانپێدانانێکی نەبوو.

ئازارەکانی مامۆستا مەنگوڕی، لەوانەیە بە بەراورد لەگەڵ زیندانییەکانی تر لە ئازاری هەموومان قورس تر بووبێت، هەم ئازارە جەستەییەکان کە چەندان جار (ئەو نامەردەیان) هێنایە بەرانبەری و ڕووبەڕوو شایەتی لەدژیدا، هەم ئازارە دەروونییەکان بەهۆی مانەوەی لە تاکژوورەکان و ئەمنی هەولێر بۆ ماوەی (١٨) مانگ و (١٨) رۆژ. بۆ ئەوەی خۆتان سەربووردەی گرتن، دەستگیرکردن، ئەشکەنجەدان، مانەوەی شازدە مانگەی تاکژووەکان و دواتر دادگاییکردنەکەی مەنگوڕی بخوێننەوە، کە لەم نامیلکەیەدا خۆی نووسیوێتی و

چاپی یەکەمی لەساڵی (١٩٩٦)دا لەلایەن خۆیەوە لەچاپ دراوە، چاپی دووەمیشی لە ساڵی (٢٠٠٢)دا بە نزیکەی شەش ساڵ دوای کۆچکردنی خۆی لەلایەن بنەماڵەکەی لەچاپ دراوەتەوە.

**دەرسیم پێشەوا**

**هاوڕێی مامۆستا مەنگوری لە تاکژوورەکانی ئەمنی هەولێر**

**چوارشەممە** (٢٠/ ١٢ / ٢٠٢٣)

# ماموٚستا محەمەد مەنگوڕی
# موٚمێکی هەمیشە درەوشاوە بوٚ کوردستان

**عەبدوڵڵا حەبیب**

ماموٚستا محەمەد مەنگوڕی موٚمێکی هەمیشە داگیرساو، کێوێك لە خوٚڕاگری زیندان، دەریایەك لە شارەزایی کاری ڕێکخستن و سومبلی خەبات و تێکوٚشانی کورد و هەولێر بووە.

هاوڕێیەکی زیندانی تاکژوورەکانی ئەمنی هەولێری ماموٚستا مەنگوڕی، کاك دەرسیم پێشەوا، بانگەوازێکی لە فەیسبووك بڵاوکردبووەوە بوٚ ئەوەی هەر کەسێك زانیاری، یان بابەتێکی لەسەر ماموٚستا محەمەد مەنگوڕی لایە هاوکاری بکەن و زانیاری، یاداشت، بابەت و هەر یادەوەرییەك بێ بوٚی بنێرن، تا ئەویش لە چاپی نوێی نامیلکەکەی مەنگوڕی (شەوێك لە شەوانی شازدە مانگەی زیندانی ئینفرادی ئەمنی هەولێر)دا بڵاویان بکاتەوە تا بەرهەم، ناسنامە و خوٚڕاگری ئەم تێکوٚشەرە نەمرە بە نەوەی نوێی گەلەکەمان بناسرێنێت و خزمەتێك بە ژیان و خەباتی ئەم کەڵەپیاوە ڕوٚشنبیرە بکات.

بێگومان ئەم هەڵوێستەی و ئەرکێکی وا پیروٚز، نیشانەی وەفا، دڵسوٚزی و پەروٚشی ئەو دەردەخات سەبارەت بە هاوڕێیەکی خەباتی نهێنی ناو شار و خوٚڕاگری هاوڕێیەکی زیندان، کە بەداخەوە ئێستا نەك هەر کاڵ بوٚتەوە بەڵکو کەم کەس بیریشی لێ دەکاتەوە.

مامۆستا محەمەد حەسەن مەنگوڕی، هەر ژیاننامەی خۆی لەخۆیدا نیشانەی بوێری، هۆشمەندی، کوردپەروەری و گشت خەسڵەتە جوانەکانی خەڵکی سەرکەوتووە. ناوبراو هەر لە منداڵییەوە لە پەنجاکاندا لەگەڵ باوکی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتبووە رواندز و لە میوانخانەی باوکم (حاجی حەبیب) لە رواندز دەمانەوە. باوکی مەنگوڕی چەرخێکی چەقۆ تیژکردنەوەی دەبێت کە سەرچاوەی دابینکردنی ژیانی خۆی و کوڕە بچووکەکەی بوو. مام حەسەن لەپڕ نەخۆش دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات، محەمەد مەنگوڕی کە تەمەنی تازە دە ساڵی تێپەڕاندبوو بە بێکەسی و بێ سەرپەرشت دەمێنێتەوە، بۆیە باوکم (حاجی حەبیب) دەیهێنێتەوە ماڵ و بە دایکم دەڵێت: (لەمەودوا ئەم کوڕەش کوڕی ئێمەیە).

هەر ئەو ساڵە دەیخەنە خوێندنگە و لە رۆژانی یەکەمی خوێندندا زیرەکی و توانای بۆ مامۆستاکانی و هاوڕێ خوێندکارەکانی دەردەکەوێت و هەموو ساڵەکانی خوێندن بە یەکەم دەردەچێت. ئەو لەگەڵ شەهید یوسف دەرگەڵەیی لە دواناوەندی رکابەری یەکتر بوون لە خوێندن تا پۆلی سێی ناوەندی تەواو دەکەن.

لە ساڵی (١٩٥٨)دا کە شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم لە دژی بنەماڵەی پاشایەتی کرا، ئەو کات ئازادی تەواو، کرانەوە و وەرچەرخانێکی زۆر رووی لە عیراق کرد، بە چەرخی زێڕینی دەسەڵاتی عێراق هەژمار دەکرێت لە رووی سەلماندنی مافی تاك و کۆ و رێگەپێدانی کاری حزبەکان و بۆ یەکەم جار دان بە هاوبەشی گەلی کورد و عەرەب نرا لە عیراقدا، لە ئەرك و مافەکان لە دەستووری هەمیشەیی عیراق هاوبەشن. پڕۆژەی زۆری ئاوەدانی، خۆشگوزەرانی، یاسای چاکردنی کشتوکاڵ، خۆماڵی کردنی نەوتی

عیراق و بە سەدان دەستکەوتی تری پێشکەش کرد. ئەوکات حزبی شیوعی عیراق حزبی باڵادەست بوو لە عیراق و کوردستانیش، کە ئەوان سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و وڵاتانی سۆسیالیستی بوون. لە کوردستان پارتی لەدوای شیوعییەکان دەهات لە رووی جەماوەرییەوە، کە ئەوانیش هەڵگری بیری مارکسی ـ لینینی بوون بە بیری نەتەوەیی. لە خوارووی عیراق حزبی بەعس هەڵگری بیری نەتەوەیی عەرەبی بوون. ئەوکات پارتییەکان زۆر کەمتر بوون لە چاو شیوعییەکان لە رواندز.

لە بیرمە لە ساڵی (١٩٦٠)دا هەڵبژاردنی یەکێتیی قوتابیانی عیراقی سەر بە حزبی شیوعی و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان سەر بە پارتی کرا لە دواناوەندی رواندز لە خوێندنگەی پاشای گەورە. لەم هەڵبژاردنەدا (اتحاد طلبە العام العراقی) بەرێژەیەکی زۆر جیاوازی لە پێش یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوون، بۆیە هێرشیان بۆ سەر یەکێتیی قوتابیانی کوردستان هێنا و راویان نان. شورەی خوێندنگەی دواناوەندی تێلبەند کرابوو، محەمەد مەنگوڕی و شەهید یوسف دەرگەڵەیی و هەڤاڵانی رایانکرد. لە پێش چاومە محەمەد مەنگوڕی قیسپێکی پێ بوو (قیسپ، دارێکە کە بۆ پەرژین دەچەقێندرێ)، بەهۆی قیسپەکە خۆی لەسەر تەڵبەندەکە دەرباز کرد، بەڵام لایەکی پانتۆڵەکەی لە تێلبەندەکە ئالاو لایەکی لینگی پانتۆڵەکەی لە سەرەوە تا خوارەوە درا. هەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت: (ئەم پانتۆڵە نوێیەم هەبوو ئەویش درا)، ئەو خەمی خۆی نەبوو، خەمی پانتۆڵەکەی بوو. ئەوکات مامۆستا مەنگوڕی یەکێك بوو لە هەرە کادرە چالاکەکانی پارتی، لە گشت بۆنە، ئاهەنگ و یادەوەرییەك بەڕێوەبەری ئاهەنگەکان بوو، ئەزبەر و بۆ ماوەی زۆر قسەی دەکرد، هەرگیز بۆ وشە دانەدەما. بێ

ترس لە شیوعییەکان پەیامی خۆی بڵاودەکردەوە، یەکێك بوو لە ئەستێرە دیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رواندز.

لە بیرمە پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواوکرد، هاوینەکەی ئەسعەد ئاغای شێتنە، ئەوان سەر بە حکومەت بوون و لە دژی ماڵی بارزانی بوون، محەمەد مەنگوڕی گرت و گوتی: (نابێت محەمەد مەنگوڕی لە رواندز بمێنێت). باوکم بە ناچاری حەسەن نۆپلی شۆفێری راسپارد کە چووە لای ئەسعەد ئاغای شێتنە و تکای بۆ کرد کە لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ هەولێر و ناگەڕێتەوە رواندز. ئەسعەد شێتنە، محەمەدی برامی بە مەرجی نەهاتنەوەی بۆ رواندز ئازاد کرد، ئەو هاوینە لە هەولێر لە میوانخانەی سندباد مایەوە تا لە خانەی مامۆستایان وەرگیرا و لە بەشی ناوخۆ مایەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ نەهاتەوە رواندز. مەنگوڕی سەرەڕای زیرەکی لە خوێندنگە، دەستی نووسین و هۆنراوەشی هەبوو. لە بیرمە تێنووسێکی هەڵبەستی هەبوو، دواتر باسی ئەوەی کرد کە تێنووسەکەی فەوتاوە.

* * * * * * * * *

# مامۆستا مەنگوڕی،
# مامۆستای پێگەیاندنی کادری ڕێبازی کوردایەتی

**عەبدوڵڵاحەبیب**

مامۆستا محەمەد حەسەن مەنگوڕی، مامۆستای پێگەیاندنی منیش بوو لە بواری سیاسەت و کوردایەتیدا. خۆم، لە ساڵی (١٩٦٢) بۆ (١٩٦٣) لێپرسراوی ناوچەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم لە ڕواندز و ناوچەی پارتیش.

لە دووبەرەکی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی و باڵی بارزانی، مامۆستا مەنگوڕی کادرێکی سەرسەختی باڵی مەکتەبی سیاسیی بوو. پابەند بوو بە پەیڕەو و پرۆگرامی مەکتەبی سیاسییەوە. دژی دەسەڵاتی بنەماڵە و تاکڕەوی بوو. لە ساڵی (١٩٦٤)دا لەلایەن باڵی بارزانییەوە گیراو ماوەیەك لە گرتووخانەی ماوەت مایەوە. باوکم مامۆستا مەلا تەها شێخ وەتمانی ڕاسپارد بچێتە لای بارزانی و تکای بۆ بکات تا ئازاد بێت. کە هاتەوە، لەبیرمە باوکم بانگی مەنگوڕی کردە ژوورێك لە میوانخانەی گوتی: (کوڕم بەس پێم بڵێ تۆ بە کێ ڕازیت؟ سەردەمی پادشایەتی ڕاودەنرای، سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و لە شۆڕشی ئەیلول هەر ڕاودەنرای و دەگیرای، ئێستاش کە دەسەڵاتی کورد و مەلا مستەفایە هەر ڕاودەنرێیت و دەگیرێیت، پێم بڵێ کەی ئیسراحەت دەکەیت و پێی ڕازی دەبیت؟ باوکم ڕاستی کرد تا سەریشی نایەوە دەسەڵاتی بە دڵی خۆی نەدیت بە ئێستاشەوە! هەر یاخی بوو.

لەدوای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١٩٧٥)،

رۆژێك لە ساڵی (١٩٧٧) دا چوومە ماڵی مەنگوڕی برام، نامەیەکی نیشاندام کە لە ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفاوە بۆ مەنگوڕی و شەهید یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی بە هاوبەشی نووسرابوو. زانیبووی هەردووکیان وەك دوو برا متمانە و باوەڕیان پێك هەیە. لە نامەکەدا نەوشیروان مژدەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی پێدابوون. داوای لێکردبوون پەیوەندی بە کەسانی باوەڕپێکراوەوە بکەن بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە خوارەوەی نامەکەشدا ڕەوانشاد مام جەلال بەمشێوەیە نووسیبووی: (ئەوەی کاکە نەوە بۆی نووسیون بۆچوونی منیشە)، مام جەلال واژۆی خۆی لە خوارەوەی ئەو ڕستەیە کردبوو.

مەنگوڕی گوتی: (من بڕیارم داوە، لەمڕۆوە دەست بە کاری ڕێکخستن بکەم. بە منی گوت: تۆش لە ڕواندز دەست بەکاربە، بەڵام بە وریایی، کەموپوخت، لەسەرخۆ). ئەو ڕۆژە چوومە ماڵی شەهید یوسف دەرگەڵەیی، ئەویش باسی نامەکەی بۆ کردم. گوتم: (مامۆستا بەڕێزت چ بڕیارێکت داوە)؟

سەیری کردم و پێکەنی، بۆ مێژوو وەك خۆی دەیگێڕمەوە: (عەبدوڵڵا هەرچەندە بیردەکەمەوە نازانم چ بڕیارێك بدەم. خۆ ئەگەر بۆ پلە و پۆست حزبایەتی بکەم، بمکەن بە پارێزگاری هەولێریش بەقەد ئێستا گوزەرانم باش نابێت. خۆم و حەیاتی هاوسەرم مامۆستاین. خانووی ئیسکانمان هی خۆمانە، ئۆتۆمۆبێلێکی سفر کیلۆمەتری جی ئێلم تازە بۆ دەرچووە. منداڵەکانم لە مەکتەب یەکەمن. دڵنیام ئەمجارە سیاسەت بکەم تێدەچم، چونکە دۆست و دوژمن دەمناسن. چەند ڕۆژێکە دەمەوێت باوەڕ بەخۆم بکەم، سیاسەت نەکەم و لەخۆم، ماڵ

و منداڵم تێك نەدەم (ئەو کرمەی پێی ئاڵودە بوویمە، وازم لێناهێنێ و دەڵێ بیکە، بۆیە بڕیاری کارکردنم دا.) بەڵێ مامۆستا یوسف دەرگەڵەیی کاری کرد، تا سەری لەسەر دانا و لەژێر ئەشکەنجە شەهید کرا).

مامۆستا محەمەد مەنگوڕی، شەهید یوسف دەرگەڵەیی، شەهید کەریم رەسوڵ قادر، شەهید جەمیل رەنجبەر، شەهید حەیدەر جوکل و سەدان تێکۆشەری تر شانیان دایە بەر کاری رێکخستن و رۆڵی باش و جموجۆڵی بەرچاویان لە هەولێر هەبوو، شانبەشانی شۆڕش و سەرکردایەتی. تا لە ئەنجامی خەباتی نەپساوەی بوێرانە، مەنگوڕی بڕیاری گرتنی بۆ دەرچوو لە دوای ئەشکەنجە و لێدانی زۆر دانی بەهیچدا نەناو سزای بەندکردنی موئەبەد درا. بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر ناوی نابوو رێوی زیندان، پێیان گوتبوو: (باش دەزانین لێپرسراوی رێکخستنی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی، چیتر خۆت لەبەر ئەشکەنجە ناگری، بزانە کە ئیعترافی زۆرت لەسەرە بۆ سزادانت).

محەمەد مەنگوڕی خۆی بۆی گێڕامەوە، کوڕێکی کاولۆکی لە زیندانی ئەمنی هەولێر هێنایانە لای ئێمە لە ئینفرادی، منیش ئامۆژگاریم کرد دان بە هیچدانەنێت، خۆڕاگر بێت بۆ خۆی باشترە. کە بۆ لێکۆڵینەوە بردبوویان، گوتبووی: مەنگوڕی پێی گوتووم ئیعتراف نەکەی بۆ خۆت باشترە. هاتن منیان برد و گوتیان: سەگباب، بۆ خۆت ئیعتراف ناکەی ئامۆژگاری خەڵك بۆ دەکەی کە ئیعتراف نەکەن؟ ئەو کوڕەیان هێنایە بەرانبەرم و ئیعترافی لەسەر کردم کە ئامۆژگاریم کردووە بۆ ئەوەی ئیعتراف نەکات. رقی ئەویشیان لە من دەرکرد. لەسەر ئەوەش خۆم لێی نەگرت و گوتم منداڵە).

مەنگوڕی، زۆر میهرەبان و پشوودرێژ و دڵسۆز بوو. هەموو هیوا و ئاواتی رزگاری گەل و وڵات بوو. ئەوانەی لە زیندان لەگەڵی بوون دەزانن چ مامۆستایەك و بلیمەتێك بووە. کێوێك لە خۆڕاگری، پڕ زانست، زانیاری، بە ئەزموون، پشوودرێژ و رۆشنبیر. مامۆستا بەمانای وشە لە گشت بوارەکانی ژیاندا شارەزایی هەبوو.

دوای راپەڕین حەوت کۆمیتەی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر هەبوو، بارەگای سەرەکیان لە خانووە کۆنەکەی عیزەت دوری بوو، کە دواتر بووەماڵی مام جەلال و ئێستا هی نێچیرڤانە. گەورەترین و فراوانترین رێکخستنی هەولێر (مامۆستا مەنگوڕی، عوسمان سەرسۆر، مەلا محەمەد بەحرکەیی، مەلا عەبدوڵڵا گعێتڵی، کوڕێکی خانەقینی پەروەردەی وەرزشی و عەبدوڵڵا حەبیب) بوون. پێش ساڵی (١٩٨٦) و بوونم بە پێشمەرگە سەرپەرشتیاری رێکخستن بووین (یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان) سەر بە مام جەلال. مەنگوڕی دواتر بووە لێپرسراوی بەشی رێکخستنی مەڵبەندی سێی هەولێر و لە چەند هەڵبژاردن وەك کارگێڕی مەڵبەند دەنگی هێناوە. کاك کۆسرەت رەسوڵ لە زۆر کۆبوونەوەی فراوان دەیگوت: (هەر کەسێك بیەوێت فێری ئەلف و بێی رێکخستن بێت، با بچێتە لای مامۆستا محەمەد مەنگوڕی فێری بکات، چونکە ئەو لەم رووەوە مامۆستای هەموومانە، زۆر نامیلکە و بابەتی رۆشنبیری و رێکخستنی دەرکردووە).

رێکخستن کاڵای پڕ بە باڵای مامۆستا محەمەد مەنگوڕی بوو، لە دەربڕینی راستی و راستگۆیی ئەوەی لە ناخیدا بوو لە کەسی نەدەشاردەوە. لەبیرمە دوای راپەڕین لە یەکەم هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرانی

پارێزگای هەولێر کرا، رەوانشاد مام جەلال بەشدار بوو هۆڵەکە جمەی دەهات، مستەفا چاوڕەش لە مەکتەبی رێکخستن بوو، لە تەنیشت مام جەلال دانیشتبوو، مەنگوڕی دەستی هەڵبڕی، مام جەلال فەرمووی لە مەنگوڕی کرد.

مەنگوڕی هەڵسایەوە و گوتی: (مام جەلال، من وەك کادرێکی رێکخستن لە هەولێر پێت دەڵێم: بەم ژمارە و داتا خەیاڵییانە باوەڕ مەکە کە دەڵێن ئێمە حزبی بێ رکابەرین. ئێمە لەگەڵ راپەڕین و پێش راپەڕین زۆر خەڵکمان لە دەست داوە و لە پاشەکشێ داین. لەبەر لەخۆباییبوونی خۆمان و کاری نەشیاوی لێپرسراوانی سەربازی، گەر بەخۆماندا نەچینەوە زیانی زۆر دەکەین و بەرپرسیارم لەم قسانەم).

دوای هەڵبژاردن کۆبوونەوەیەکی تر لە بارەگای مام جەلال لە کۆنە خانووەکەی عیزەت دوری کرا، کاك کۆسرەت رەسوڵ و گشت کادرانی مەڵبەند و کۆمیتەکانی پارێزگای هەولێر بەشداربوون. مام جەلال لە کۆبوونەوەکەدا گوتی: (پێش هەڵبژاردن دوو کەس هاتن ئاگاداریان کردمەوە گەر یەکێتی بەخۆیدا نەچێتەوە و هەر بە لەخۆباییبوونی پێش راپەڕین بچێتە هەڵبژاردن، زەرەر دەکەین. یەکێکیان هاوڕێ عەزیز محەمەدی سکرتێری گشتی حزبی شیوعی عیراق و دووەمیشیان ئەوانەی ئێوە پێیان دەڵێن جەلالی کە بە قسەم نەکردن، تا بەم ئەنجامە نەخوازراوە گەیشتین).

مام جەلال، مەبەستی دووەمی لە رەخنە و نووسراوەکانی مامۆستا محەمەد مەنگوڕی بوو.

بەداخەوە ئەم کەسە دڵسۆز، شارەزا و بە ئەزموونە لە هەر پارتێکی تری گەلانی دونیا بوایە، ئێستا بەرزترین پۆست، پلە و ناوبانگی

هەبوو، پەیکەری خۆڕاگری، مەدالیای نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی بە بەرۆکەوە دەکرا، وەلێ گرنگترین شت ئەوەیە کە ویژدانی خۆی ئاسوودە کردووە، خەڵك و رێکخستنەکان خۆشیان دەویست و پشتیوانیان دەکرد، بۆیە بە سەربەرزی لە دڵی هەمووان دەمێنێتەوە. بە راستی (گەورە ئەو کەسەیە شێوەی مۆمێ بێ، بۆ خۆی بسوتێ و سوودی بۆ کۆمەڵ بێ).

# زیندانیانی سیاسی

ئەوەی من لەو چەند لاپەڕەیە دەیخەمە بەر نەزەری خوێنەری بەڕێز، بەشێکی زۆر کەمە لە ئێش و ئازار و داپڵۆسین و جەزرەبەدانی خەڵکی شۆڕشگێڕی کورد ... رەنگە زۆریان بە بەرگی خوێناوی و بە دەروونێکی پڕ لە ئاوات دنیای روونیان جێهێشتبێ و نرکەی پیاوانەیان بووبێت بە تۆوی فکری پێشکەوتنخوازی و مەزرای خەباتی نەوەی دوای خۆیان، بەشێکی دیکەشیان تا ئەوڕۆش لە دنیای (کەم ئەندامی و نەخۆشی و لە دەست دانی خوێندن و خواستەکانیان) دەخولێنەوە و چاوەڕوانی هەوڵی وڵاتپارێزیی خەڵکێکن تا قەرەبووی بەشێك لە ئاواتەکانیان بکەنەوە. یا هەر نەبێ لە ئایندەی گەلەکەیان دڵنیابن و ئۆخەیەك ویژدانیان خاترجەم کا، کە هەڤاڵ و هاوڕێکانیان رێڕەوی راستیان بەرنەداوە و هەتاوی رزگاری لەگەڵی ویستی گەلەوە نەخشە بۆ ئایندەی وڵات دەکێشێ.

من پێم وایە بڕیار بەدەستی ئەمڕۆی گەلەکەمان چۆن قەرزاری تەواوی شەهید و پێشمەرگە رەسەنەکانن ... ئاواش ئەرکی سەر شانیانە ئاوڕ لە زیندانییە سیاسییەکان بدەنەوە و فەرامۆشیان نەکەن و هەریەکەی بە قەد سەنگی خۆیان لەبەرچاو دابن ... تاکو شانازی بە جەربەزەیی گیانی و ویژدانی رابردوویانەوە بکەن و ئامادەباشی نەوەی نوێ سازبدەن بۆ هەموو بانگەواز و هاوارێکی وڵاتپارێزیی ئێستاو دوارۆژ ... هەر لەو پێودانگەدا بە باشی دەزانم، ئاماژەیەك بە کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکان بدەم و پێیان بڵێم ... کارەکەیان (داکۆکی لە خەڵکی

شۆڕشگێڕ)، چەندە بە پێز و بەهادارە، ئەوەندەش چاکتر و بە برەوتر دەبێت ئەگەر هاتوو، تام و بۆی ماندوویێتی ئەوان سوێر و بێتام نەکات ... زیندانیی سیاسی پێویست بە پێناسەکردن ناکات، روون و ئاشکرایە کێن ... چۆن دەبێ هەرکەسێ چەند رۆژێك، هەفتەیەك و مانگێك لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرابێ و بەرەڵا کرابێ، بەزیندانی سیاسی ئاشنا بکەن و ناسنامەی ئەوانی بخرێتە باخەڵەوە!! ... زۆر چاك و لەبار و پیاوەتییە و داکۆکییە لە ئابڕووی زیندانیانی سیاسی، ئەو جۆرە کەسانە لە لیستی کۆمەڵەدا رەشبکرێنەوە و رەسەنایەتی زیندانیانی سیاسی بپارێزن هەروەك هەمان ئەرك دەکەوێتە سەرشانی کۆمیتە و مەکتەبی شەهیدان و کۆمەڵەی ئەنفال و پێشمەرگە رەسەنەکان ...

ئیدی ئێوە و تنۆکێك لە دەریای پڕ لە تاوانی (سەدام حسین) و حزبی رەفتار فاشی بەعس ...

# شەوێک لە شەوانی
# شازدە مانگەی زیندانی ئینفرادی!

ساڵ ساڵی (١٩٤٥)ە، شەڕی دووەمی جیهان بڕایەوە، دنیا پێکی سەرکەوتنی نۆش کرد، زەنگی چۆك دادانی نازیزم و فاشیزم لێ درا، جوانە کچان، کوڕانی ئازا، توخمی مرۆڤایەتی، گوڵبارانی هێزی رووناکیان کرد، ئاڵای ئازادی، لە زۆر وڵاتانی ژێردەست شەکایەوە، مارشی بژی مرۆڤ، بژی ئازادی، کۆڕپەی دواڕۆژی هێنایە خەندە، ئۆقرە و ئارامی خستە دڵی گەلانەوە، دەرگای بەندیخانەکان، لە رووی ئازادیخوازان واڵا کران، دیکتاتۆر و خوێنمژەکان فڕێدرانە سەر زبڵدانی مێژوو، لاپەڕەی کردار و رەفتاری رەشیان، تۆمارکراو بۆ پەند و وانە لێ وەرگرتن، لە ئەرشیفی مێژوو هەڵگیرا، کۆشکی رایختاخ لە ئەڵمانیا، بوو بە مەزاری ئەو کەسانەی، مەبەستیانە بە چاوی خۆیان ئەنجامی رەشی، دوژمنانی مرۆڤایەتی بەدی بکەن ... بەڵام وا دیارە، مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، با لە هەوار و بواری جیاجیاش بێت، ساڵی ١٩٦٨ هەر هەمان کاڵای هەردوو رووڕەشی مێژوو (هیتلەر و مۆسۆلینی) خۆی لەبەر تاقمێکی تردا دی و وڵاتی نێوان دوو زێ یان کردە دۆزەخی عیراق، بە رەفتار و کرداری دزێوەوە، بە رەزایەکی گرانەوە، بە دەستێکی بەخوێنەوە، خەنجەری ناهەقیان لە کالان دەرکێشا و کەوتنە سەربڕینی، منداڵ، ژن، پیاو، سەربڕینی دادپەروەری، سڕینەوەی وشەی سەربەستی و ئازادی، کپ کردنی،

مۆسیقای رزگاری و گۆرانی ژیان!!

دەستی لەرزۆکیان نایە بینی دیموکراسی هەناسەی سەرفرازی خۆشی گوزەرانیان بنبڕ کرد!! رۆژژمێری شارستانیەتی یان چەواشە کرد و مرۆڤایەتی بەم شێوە دەسەڵاتی ئەوانی تۆمار کرد، (لەم رۆژەدا ١٧ی تەممموزی ١٩٦٨، رۆژی هاتنە سەر دەسەڵاتی حیزبی بەعسی دوژمن بە ژین، دوژمن بە گوڵ، چیا، رووبار، رۆژ، مانگ و ئەستێرە، دوژمن بە رووناکی)یە!

دە ئێوەش فەرموون لەگەڵ نیگایەك لە نیگاکانی فیلمی پڕ لە تاوانی شەوێك لە شەوانی (١٦) مانگەی زیندانی ئینفرادی!!

چوار زەبەلاحی، ئێسك گران، شەتەکیان دام، چاویان توند، توند، بەستمەوە وەپێش خۆیان دام ... لەویٚ دەکەوتمە خوارەوە، لەولاوە سەرم بەر دیوار دەکەوت، پەیتا پەیتا بە مستەکۆڵە دەیان شێلام، زللەی ئەوتۆیان دەوەشاند، باوەڕتان بێت، گڕی ئاگر لەبەر چاوم تێدەپەڕی، ئێستا سەرم سوڕماوە، ئەو گڕە چی بوو!! خۆ من باوەڕم بە زانست هەیە، نازانم چۆنی شرۆڤە دەکات!! فڕێدرامە شوێنێك و هەردوو دەستم کرایەوە، هەستم کرد کەسم لە تەك نەماوە، چاوی خۆم کردەوە ژوورێکی بچووك، بەتەما بووم راکشێم.. زۆر هیلاك بووم، حەزم بە کەمێ پشوودان دەکرد، زۆر سەیرە، شوێنێکی وا نییە پێیەکانم رابکێشم .. یان دەبێ بیان چەمێنمەوە!! یا بە دیوارەکەدا بەرزیان کەمەوە!! بە کورتی ژوورەکە(١X١)م بوو!! زانیم ئەوە زیندانی ئینفرادییە، لەسەر شێوەی زیندانی فاشییەکان دروست کراوە، شێوەی پیتی ئێڵ(L)ی ئینگلیزی، ئێستاش پاشماوەکەی هەر ماوە، هەر کەسێ نیازی هەبێت لە راستییەکان بگات دەتوانێ سەردانیان بکات .. کەوتمە دەریای خەیاڵ و بیرکردنەوە، دەڵێن کە ترس هات مردن سامی نامێنێ!! هەر

بەڕاستی خەیاڵم لە مردن نەدەکردەوە! خەمی منداڵە وردیلەکانم نەبوو، کێ سەرپەرشتیان دەکات، کێ نازیان دەکێشی، داخۆ لە چ دۆخێکی خەمناکدا بن، بەڵێ بیرم لە ئازیزەکانم نەدەکردەوە، چونکە دڵنیا بووم ئەو کۆمەڵە هەڤاڵەی لە دەرەوە مابوون، لە خۆم چاکتر بەڕێوەیان دەبەن، هەر واش بوو. ئێستاش سوپاسگوزاری پیاوەتی و جوامێری هەڤاڵانی ڕێگای خەباتم، چونکە کە سزا درام و یەکەم چاوپێکەوتنم لە ئەبوغرێب بۆ رەخسا ،.. راستی هەڵوێستی ئەو هەڤاڵە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرانە ئاشکرا بوو، سەد ئافەرین بۆ گیان و هەستی نیشتمان پەروەرییان.. لەو ساتە تەنگەدا، راگوزاری جۆر بەجۆر وەکو توولە مێو، مێشکیان تەنی بووم، (من رۆیشتم، منداڵم هەتیو مانەوە، بەڵام وا بکەم، هەتیوی سەربەرز بن، شانازی بە باوکیانەوە بکەن، پەنجەی شەرەفیان بۆ درێژ بکەن) ئەی هەڤاڵانی خەبات؟ داخۆ بۆ کوێ پەرتەیان کردووە؟ بیر لەچی دەکەنەوە؟ دەبێ لە من راببینن، لەشێکی لاواز تەمەنێکی رووەو لێژ، خۆی لەبەر جەزرەبەی بەعس بگرێ؟ دەبێ بیر لەوە بکەنەوە سوێندی شەرەف بشکێنم؟

ئای کوڕینە، چەند خۆشە لە کاتی وادا، پیاو وڕێنەی وا بکات، هێزو و توانا، ورەو وزە، وەبەر خۆی بێنی!! وڕێنە بوو بە بەشێك لە ژیانی ئەو ساتەم (نابێ، ناکرێ ورتەم لە دەمەوە بێت!! خۆ پیاو هەر یەکجار دەمرێ .. پارچە پارچەم کەن مەحاڵە نهێنییەك بدرکێنم، نهێنی گەلێك، نهێنی شارێك، لە ئەستۆی منە، ئەمانەتی مێژوو چۆن دەبێ بدرکێ!! بەرخی نێر بۆ سەربڕینە .. چەند خۆشە بەیانی هەواڵی شەهیدبوونی مرۆڤێکی، مرۆڤ بگاتەوە ناو شار، دنیا بە ئومێدەوە خوراوە، چەند خۆشە، بە رووسووری بگەڕێمەوە شار، دەست لە گەردەنی هەڤالان، دۆستان و ئازیزانم وەرێنم، سەرتان نەیەشێنم، لە

دەنگی خۆم وەخۆ هاتمەوە، کە بە دەم وڕێنەوە دەمگوت (شەرت بێ تۆوی خۆڕاگری لەو ژوورە تەسك و تاریکەدا بچێنم)!! وەخۆ هاتنەوە و هاتنەوە سەرخۆ، ئەوەندەی نەخایەند، تەقەی دەرگای دەرەوە هات، (کە دەنگی دەرگا دەهات ... هەموو بەندییەکان، دڵیان لێی دەدا، چونکە بانگی هەر کەسێ بکەن دیارە بۆ جەزرەبە دانە)... ئەوە بوو هاواریان کرد (منو ......) وەڵامم دایەوە .. رایانکێشامە دەرەوە، کوێت دێشی .. بەرەو ژووری قەسابخانە، مەبەستم ژووری ئەشکەنجەیە، چ ژوورێکی تاریك، سامناك لەبەر خوێن، خوێنی مرۆڤ، توانای رۆیشتنت نییە!! گوریس بە دارەوە کراوە!! کێبڵ، کارەبا ئامادە کراوە، تاکو توانایان هەیە، تۆپ تۆپێنت پێ دەکەن، کافر نەیبینێ!! زۆڵ بابانە ملیان بە نۆ بیور ناشکێ!! دوو کەس لێرە تێت هەڵدەدەن، لەولاوە دووی تر دەتقۆزنەوە!! ئینجا رووت و قووتت دەکەنەوە، بە کێبڵ، بە کارەبا، دەکەونە سەرت، هەر خوا بە خۆی دەزانێ چیت لێ دەکەن!! گیان لە جێگایەکی سەختەو دەرناچێ!! بەخوا زۆر جاریش دەردەچێ!! هاوارم دەکرد (بۆ خاتری خوا) وەڵامیان دەدایەوە (خوا وجودی نییە) دەمگوت (خاتری محەمەد) دەیانگوت (محەمەد لە پشووە).. ئیدی دوای جەزرەبەی لەش بەدەم (گول .. إحچی .. بعدین تتبهدل).. دەکەوتنە جەزرەبەی ویژدان .. (خێزانت دێنین، واو وای لێ دەکەین!! ... خوشکت وا لێ دەکەین!! .. کچت وا لێ دەکەین!! .. وەك سەگ ببوورن سەگ بە وەفایە، وەك دڕندە دەڕشانەوە .. هەرچی قسەی کرێتە تەنیا لەوان دەوەشێتەوە بە دەمیانا دەهات!! ئینجا ئەو بەشە تەواو دەبێ!! تا کاتێکی ئەم شانۆ سامناکە بە ئازار و ئەشکەنجەت دەسپێرن .. بە راکێشان (توانات نامێنێت بە پا بڕۆیت) بەرەو ئینفرادی.. لەوێش نانێکی رەق .. ئاوێکی گەرم! ئەگەر لێم بپرسن چ کاتێ زۆر ناخۆش بوو، یەکەمیان

دەنگی هەڤاڵانی ئەملاو ئەولا .. یەکێ دەناڵێنێ.. یەکێ دەناوریێتەوە، یەکێ وڕێنەی بە خزم وخۆیەوە دەکات (دایە، بابە، رۆڵە)!!! دووەمیان بۆ منی خاوەن منداڵ، دەمی نیوەڕۆیان زۆر ئەستەم بوو، مناڵی ماڵەکانی دەوروبەری زیندان .. یارییان دەکرد دەنگیان دەهات، ئاگرم تێ بەردەبوو .. مناڵەکانی خۆم یەکە بە یەکە دەهاتنە بەرچاو!! خەو لە چاوەکانمان نەبان و نامۆ دەبوو!! خۆشترین کاتیش دوای یازدەی شەو بوو دەوام نەدەما .. ترسی هاتنە ژوورەوەی جەللادەکان دەڕەوییەوە .. بە زەبری پارە کە هەڤاڵانی ژوورە گشتییەکان بۆیان دەناردم (ئەوان لە چاو ئێمە پاشا بوون.. چایان هەبوو، جگەرەیان هەبوو ،.. دیدەنیان هەبوو، پارە و کەل و پەلیان بۆ دەهات) .. بە زەبری پارە چاودێرە گشتییەکەم راهێنابوو. دوای یازدەی شەو .. دەرگای ئینفرادی بۆ دەکردمەوە .. رێڕەوێکی باریك بە بەردەم ژوورەکەمدا هەبوو، دەهاتمە ئەوێ، بەدوای میوانە تازەکاندا دەگەڕام. لە کونی دەرگای ئینفرادی قسەم دەگەڵ دەکردن.. هەواڵی شار.. هەواڵی هێزی پێشمەرگە .. هەواڵی رووداوەکانم لێ دەپرسین.. ئامۆژگاریم دەکردن، (نەکەن قسە بدرکێنن.. ناوی کەس بدەن .. ئەشکەنجەکەیان هیچ نییە .. شێوەی خۆڕاگریم بۆ باس دەکردن..)، لەسەر ئەم هەڵوێستە جارێك فڕێ یان دامە گواوەکەی بەردەم ئینفرادی.. مناڵێکی کاولۆکی لەکاتی ئەشکەنجەدا ناوی منی درکاندبوو کە گوایە گوتومە (قسە مەدرکێنە)!!

پاش ئەوە برادەرێکی زۆر ئازیز هەبوو، یادی بەخێر ناوی (سەفەر) بوو، کادری حزبی شیوعی بوو بە هەموو بەڵگەکانەوە گیرابوو .. بەڵام زۆر خۆڕاگر بوو .. دەرگای کاکە سەفەرم دەکردەوە ... قسەمان دەکرد تاکو بەرەبەیان .. شەوان نووستنمان نەبوو .. یادگاری رۆژانی خەباتمان دەگێڕایەوە .. رەفتارەکانی بەعسمان شی دەکردەوە .. داخی

گرانم ئـەسپێ هـەراسـانیـان کرد بوو بـاوەڕتـان هـەبێ سـەدان ئەسپێ بە وێنەی جەللادەکان کەوتبوونە گیانی!! جارێکیان زۆر شڕ بووم خوێن لـە دامـێنم دەهـاتە خوارەوە .. دەستم بە دیوارەوە گرتبوو بەرەو ئـاودەست دەڕۆیشتـم هـەر کە منی دیت، دایـە پـڕمـەی گریـان!! گوتم کاکە سـەفەر بۆ دەگری .. گریان کردەوەی بێ دەسەڵاتە، گوتی مامۆستا زۆر شڕی بۆ تۆ دەگریم، گوتم هەی لە منت نەکەوی نامرین نا، ئێمە لە مردن بەهێزترین!! زۆر جار دەیگوت دەبێ جارێکی تر .. چا و جگەرە بخۆینەوە و بکێشین، سەفەر تا بڵێی قارەمان بوو هەردوو دەستی یان شکاندبوو، ببڕای ببڕای نهێنی نەدرکاندبوو، داخەکەم شەوێك بردیان، نەهاتەوەو چووە ریزی شەهیدانی گەل.

شازدە مانگ لە ئینفرادی مامەوە، ئەوەی باسم کرد تەنها تنۆکێك بوو لە دەریای نامەردی و بێ شەرمی رەفتار فاشییەتی، دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتی حزبی بەعس. ئەوانەی لەگەڵ من گیرا بوون. زۆریان ماون و ئێستا لە هەولێر، شەقڵاوە و رواندزن .. پێم وابێ ئەوانیش شایەتی ئەو نیگا بچووکەی فیلمی تاوانەکانی بەعسن!!!

# بەرەو دادگای قەرەقوش،
# بەرەو بەندیخانەی ڤایمەری بەعس

سەعات نۆی شەو، مقۆ مقۆ کەوتە نێو بەندییەکان، بەیانی ژمارەیەك زیندانی دەڕوا، مەبەست ئەوە بوو سبەینێ چەند کەسێك بەرەو دادگای شۆڕش (محكمة الثورة) دەبەن .. ئەو شەوە تا درەنگانێك ئەو باسە بوو بە شەوچەرەی بەندییەکان هەر کەسە، خواستی ئەوەی دەکرد، ناوی لە لیستەکەدا بێ!! ئەگەر چی بەرەو چارەنووسێکی رەش و سامناك دەڕۆیشتن هێشتا هەر مایەی دڵخۆشی بوو، چونکە لە دۆزەخی ئەمن رزگارمان دەبوو!! سا با شاباشەکەشی مردن بێت!! مرۆڤ لە زۆر سات و کاتدا، خۆزگەی مردن دەخوازێ!! بۆ ئەوەی چیدی، خوێنی خۆی نەخواتەوە و لە سزای هۆش و ویژدان رزگاری ببێ، ئەو شەوە بە کولەمەرگی سەرمان نایەوە، هەر دەگەڵ مەلا بانگدان، وەخەبەر هاتین چاوەڕێی خوێندنەوەی ناوەکان بووین، ئەوەبوو نزیك سەعات نۆ، چوار ناو خوێندرایەوە، یەکێکیان من بووم.. هەر زوو خۆمان پێچایەوە، هەڤاڵانمان لەنێو خۆیان گرتین، گەردن ئازادی ماچکردن، هیوای رزگار بوون و خۆڕاگری، وێردی سەرزاریان بوو، ئای کە نیگایەکی جوان و قەشەنگ بوو!! لەبەر چاوی زەقی ئەمنەکان، دەتگوت هەر هەموومان لە یەك دایك و باوکین، لە یەك سەرچاوە بیر و بۆچوونمان هەڵێنجاوە!! فرمێسکی خۆشی و ناخۆشی وەك لێزمەی بارانی بەهار بەسەر روومەتەکانیان رێچکەی بەستبوو، فرمێسکی خۆشی، چونکە

لەو ئازار و چاوەڕوانییەی چارەنووس رزگار دەبووین، هی ناخۆشیش لە یەکتر دابڕان و رەنگە یەکجارەکی ماڵ ئاوایی لەوان و لە خاك و گەل!! من لەو کەسانەم کەمتر رێگای ئەوەم داوە سۆز بەسەر هۆشمدا زاڵ بێت، کە کاکە (یەدوڵڵا و ئیسماعیل)م بینی دەناورانەوە خۆم پێ نەگیرا چاوەکانم تەڕی بوون لە گریان، لێوەکانم تەتەڵەیان دەکرد، ئەو منداڵانە تەمەنیان لە دوازدە سێزدە ساڵ تێپەڕی نەدەکرد، یەدوڵڵا لە سەیدەکانی گوندی گۆمەشین بوو، لەسەر ئەوە گیرابوو، گوایە چۆتە ناو پێشمەرگە، (ئیسماعیل)یش خەڵکی ئۆردوگای کەسنەزان، لە قەڵادزە چەند پەرتووکێکی بۆ فرۆشتنەوە کڕیبوو، لە دووتوێی پەرتووکێکدا بڵاوکراوەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یان دۆزیبۆوە، چەند مانگێك بوو کەس و کاری خۆی نەدیبوو، لە ئەنجامی جەزرەبەی سادییەکانی ئەمن بە چاوی خۆم بینیم کاکە سمە میزی بە خۆیدا دەکرد!! گریانی ئەو دوو مێردمنداڵە برینیان کولاندمەوە!! ئاخر چ دین و ویژدانێك رێگا دەدا ئەو دوو نەمامە، بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت!!

هەر چواریان بردینە دەرەوە، دوو کەلەبچەیان هێناو، هەر دوو دوو کەلەبچەیان لە مەچەك توند کردین، ئێمە یەکەم بەش بووین کە راژەمان (دۆسێمان) یەك کەسی بوو، کاك حوسێن زەخۆکی شەقڵاوەیی لە برادەرانی شیوعی، (من، مامۆستا ئەنوەر عەبدوڵڵا و سلێمان کەبابچی ) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەشەکانی پێش ئێمە زۆربەیان هەڤاڵانی یەکێتی بوون، هەر بەڕاستیش سەدا هەشتای بەندییەکان هەڤاڵ و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، ئەوەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی زیندووە کە لە رۆژانی خەباتی سیاسی و چەکداری سەردەمی بەعس، یەکێتی لە ناوچەکەدا رۆڵی سەرەکی بینیوە..

سواری ماشێنیان کردین و دوو گاردی چەکداریش لە تەکمانەوە، وامان زانیبوو تا لە شار دەچینە دەرەوە چاومان دەبەسترێتەوە!! خۆشبەختانە چاویان نەبەستینەوە، خۆ من چەندین ساڵە لە شاری هەولێرم، تا ئەوەدەمە نەمدەزانی لە کوێ بەندین ..!! پاش ساڵێك و شەش مانگ بۆ یەکەم جاربوو، ئاسمان و رۆژی رووناکمان دەدی!! بەناو شاردا تێپەرین، وام دەزانی ملم مادەی جیوەی تێدایە تەکانم دەدا، چەند دەکرێ بەرزی کەمەوە، بەڵکو ئەوە خوایە، دۆستێك ناسیاوێك، بەدیمان دەکات و هەواڵمان دەباتەوە کە بە زیندوویی دیتراوین!! بە ژێر قەڵا سەربەرزەکەی هەولێرا رۆیشتین، کە سەیرم کرد زمانی حاڵی قەڵا دەدوا، بڕۆن، بڕۆن، خواتان لەگەڵ، دڵنیابن نەشکەڕێنەوە، من لێرە چەقیوم، چۆن هۆلاکۆم بەزاند، ئاواش دەبێ لەو ناوچەیەدا تەنیا بۆ پەند و وانە ناوی بەعس و رەفتارە دزێوەکانیان ببینن!! لە بەنزینخانەکەی ناو شار هەڵوەستەمان کرد، لەسەر شۆستەکەی بەرانبەرمان منداڵێکی شەش حەوت ساڵە، سندوقێکی بۆیەچییەتی لەبەردەم خۆی دانابوو، قۆڵەکانی دەهێناو دەبرد ئارەقەی رەش و شینی پێدا دەهاتە خوارێ، لە نزیکییەوە پەریزادەیەکی مەکتەبێ بە چەند پەرتووکێکەوە وەستا بوو، ئەوەی سەرەوەیان بە خەتێکی گەورەو بە زمانی عەرەبی لەسەری نووسرابوو (پەروەردەی نیشتمانی)، یەکسەر وەبیرم هاتەوە پاش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ١٢-٢-١٩٨٦ لە گۆڕەپانی خوێندنگا و لەنێو خوێندکاراندا دزرام، یەکە یەکە خوێندکارەکان و مامۆستاو پۆلەکان وەکو فلیمی سینەما بەبەر چاوما گوزەریان دەکرد، بێ خەوی شەوی پێشوو، باوەڕ و بڕوای تەواوم بە مردن لەپێناوی سڕینەوەی هەموو دیاردە کرێتەکانی وەکو بۆیەچێتی، رەتکردنەوی پەروەردەیی، گۆڕینی واقیعی مێژوویی و جوگرافی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی، بژاری گورگەی

دوژمن لە نێو کێڵگەی کوردایەتیدا، ئۆقرەیەکی خستە دەروونمەوە وەکو حەبی ڤالیۆمم خواردبێ کەوتمە خەوێکی دڵنیاییەوە، کاتێ وەخەبەر هاتمەوە لە گردۆلکەکانی حەمرین دەڕۆیشتین.

بیرۆکەیەکی لەناکاو وەکو سرووش لە تەلی مێشکی دام، بە زمانی عەرەبی گوتم (دەکرێ دەقەیەك یارمەتیم بدەن، زۆر تەنگاوم)، ماشێنەکە وەستاو گاردەکان خۆیان فرێدایە خوارەوە، من و برادەرەکەم کە پێکەوە شەتەك درابووین هەنگاوێك دوور کەوتینەوە، گوتم دانیشە لەسەر چیچکان دانیشتین، پشتمان کردە گاردەکان، تەنها یەك دەستم بەڕەڵا بوو، پڕ بە مشتم پڕم دایە خۆڵەکەی حەمرین و تێرتێر ماچم کرد!! ئینجا گوتم هەستە، هەڤاڵەکەم گوتی کوا ئەی بۆ........؟ گوتم کارم تەواو، گەڕاینەوە ناو ماشێنەکە و گاردەکانیش لە تەنیشتمانەوە، خوا حافیز وڵاتی بەفر و خوێن، وڵاتی شیرین و فەرهاد و مەم و زین، وڵاتی خێر و بەرەکەت، خواحافیز پێشمەرگە خواحافیز (ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە).

پێش ئەوەی بگەینە ئەمنی عامە دووبارە چاویان بەستینەوە، لە ئەمنی عامە هەر چواریان دابەزاندین، ڕوومان کرایە دیوارەوە، وەکو بالیفی مەشقی بۆکسانێ، هەر یەکەی دەهات شەقێك و بۆکسێکی پێدا دەکێشاین!! یەکە یەکە پشتی ملیان دەگرتین و سەریان بە دیواردا دەداین!! دوای چارەکێك، دەستیان گرتین و (یالله امشو) لە ڕێگا ساتمەمان دەبرد، دەکەوتینە خوارەوە، لە قاقای پێکەنینیان دەدا و هاواریان دەکرد (لیش ما تمشون زین) بە هەر حاڵ سواری ماشێن کراینەوە، پاش جگەرە کێشیك، گوتیان دابەزن چاومان کرایەوە و خۆمان لە بەندیخانەی (فزەیلییە) دۆزییەوە، چەند برادەرێکی کورد بە پیرمانەوە هاتن و بەخێرهاتنێکی گەرمیان لێ کردین، گوتیان

هەولێرین، گوتمان بەڵێ. ئەی ئێوە، گوتیان سلێمانی و کەرکوکین، لە شوێنی وادا تەبایی و هاوکاری بەندییەکان جێگای شانازییە، هەر زوو ڕەوانەی گەرماویان کردین، باش خۆمان شۆری، کە پشوومان دا، برادەرێکی هەولێری بەپیرمانەوە هات و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین، ناوی (یوسف) بوو، کاربەدەستێکی بەعس ماشێنی لێ کڕیبوو، کە داوای پارەکەی کردبوو، خۆی بە بەندی دیبووەوە!!! دیاربوو زۆر شارەزا بوو، گوتی هەر ئەمشەو لێرە دەمێننەوە بەیانی دەبرێن بۆ دادگای قەرەقوش .... ببوورن (محكمة الثورة).

کاك یوسف خزمەتی کردین، تێی گەیاندین کێشەکان چەند جۆریکن (تنظيم، تجاوز، تهجم، تعاون، ثرثرة) بەناوی هەریەك لەو کێشانە سەدان کەسیان لە بەندیخانە خزاندووە!! زۆر تامەزرۆی پەرتووك و ڕۆژنامە بووم .. وەکو کابرایەکی زۆر تینوو دەم بە سەرچاوەیەك وەدەنێ ئاوا پڕم دایە ئەو پەرتووکەی لە تەنیشتییەوە دانرا بوو لەسەری نوسرابوو (قانون العقوبات) خەریك بووم دەمخوێندەوە، کاك یوسف گوتی خۆت ماندوو مەکە ئەم پەرتووکە هەر بۆ ڕواڵەت و ریکلام نووسراوە!! دوعا بکەن بەیانی (عواد البندر) سەرۆکی دادگا میزاجی باش بێت دەنا وای بە حاڵتان!! چونکە یاسا خولق و خووی (عواد البندر)ە ... ڕۆژی وا هەیە لەماڵەوە قسەی خۆشی لەگەڵ دەکەن، یا کەیفی سازە، ئەوا سێدارە کەمتر دەبێت، ڕۆژی واش هەیە هەر بە دەگمەن یەکێك ڕزگاری دەبێ!! پەرتووکەکەم دانایەوە شوێنی خۆی، ڕۆژنامەیەکی (الثورة)م بەدی کرد ئەگەر چی چەند ڕۆژێك بوو دەرچوو بوو، بەڵام مانشێتەکەی سەرنجی ڕاکێشام، (هیسی ڕاوێژکاری هیتلەر خۆی دەکوژێت) لە تەکییەوە، وێنەی ئەو بەندیخانەیە نیشان دەدات کە لە پاش شەڕی دووەمی جیهان هیسی تیا بەند کراوە و پۆلیسی وڵاتانی

ئەمریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا بە نۆبەت ئێشکی لێ دەگرن.

بەندیخانەکە بریتی بوو لە تەلارێکی زۆر خۆش، باخ و باخاتێکی زۆر، تەلەفزیۆن و رادیۆ، هەموو پێداویستیەکی گوزەران ... خەریك بوو خۆم دڵنیا بکەم، ئەگەر هیس ئەو تاوانبارە، ئەمە شوێنی بێت .. بەدڵنیایی ئێمە حوکمیش بدرێین .. لە جێگایەکی خۆشتر دەگیرسێینەوە!! پاشان هەر خۆم بە گژ ئەو بۆچوونەمدا چوومەوە، هەی یاغنیش .. هیس لە وڵاتێکە، یاسا قسە دەکات، مرۆڤ و مافی مرۆڤ هەژماری بۆ دەکرێ، ئێمە پابەندی دەسەڵاتێکین، وشەکانی، فاشی، نازی، خوێنرێژ، شۆفێنیست، تیرۆریست و دەیان وشەی تری رەجم کراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەر تۆزیشیان لە دوو ناکات، دەبێ فەرهەنگ مەداران، وشەیەکی تازە بدۆزنەوە شایستەی کردار و رەفتاری بەعس بێت و کاڵای بەقەد باڵای عاجبایەتی ئەم سەدەیە، سەدام حسین بێت!! کەوتمە دەریای خەیاڵات، ئای کە ئەو شەوەی (فزەیلییە) شەوێکی سەخت و دژوار بوو، خەو لە چاوەکانما نامۆ بوو، وێنەی پەتی سێدارە و لاشەی پیرۆزی کوڕانی گەل، لێم ببوونە جیهانێکی ئەوتۆ ئەگەر دانم بەخۆما نەگرتبا، رەنگ بوو دەزوولەکانی مێشکم لێك بخشێن و پارسەنگی مێشکم لار ببێتەوە!!

ورەی خۆم بەرزکردەوە (پیاو هەر جارێك دەمرێ، خۆم ئەو رێگایەم هەڵبژاردوە، دیارە هەر شتێ سەرەتای هەبێت کۆتایشی دەبێت، ئەو شەوەش کەوتە ژێر تارای رۆژی ٣٠-٨-١٩٨٧ .. دەورو بەری سەعات ١٠، خۆمان لە هۆڵی دادگای شۆڕش دیتەوە، کاکە هۆڵ چ هۆڵێك، وەکو هزری بەعس، پیس بۆگەن، شڕ، شەپڕێو!! ئەی (دار العدالە)ی بەعس وانەبێ دەبێ چۆن بێ!! هۆڵەکە مونگەی دەهات، ٥٢ کەس لە ئیسلامیەکان ١٢ برای سلێمانی و ئێمەش چەند کەسێکی تریش

سەرباری گەرمای بەغدا لەو مانگە کەم کەس هەیە شارەزایی نەبێت، بەو گەرمایە هۆڵەکە پانکەیەکیشی تێدا نەبوو، خوا نەکا تینووت بوایە، دەبوو، ئاوی کولاوی نێو لوولەی ئاو نۆش بکەیت! هاوار سەد هاوار گەر ئارەزووی سەر دەستاوت هەبایە، تا گۆزینگی پا دەکەوتیتە نێو پیسایی!! پەیتا پەیتاش، هەتیووەکانی ئەمن خۆیان بە ژوورا دەکرد و بە کێبڵ دەکەوتنە ناومان!! دیواری هۆڵەکەش، چەندان ناوی لەسەر نەخشابوو، تاکو ئەوەی لە مردن رزگاری بووایە لای یەکێك ئەوە بدرکێنی کە فلان ناوی لەسەر دیواری دادگا دیوە، بەڵکو ناوەکەی دەگەیشتەوە کەسوکاری، خەڵکی وا هەبوو پێنج ساڵ لە ئەمن و ئیستیخبارات مابووەوە، بێ ئەوەی کەسێ سۆراخی بزانێ!! لەو دادگا قەرەقوشییە، نێوان مردن و ژیان تەنیا قسەیەك بوو کە لە دەمی (عواد البندر) دەهاتە دەرەوە.!!

پارێزەر، داواکاری گشتی و هاوکارەکانیان، تەنیا شانۆیەك بوون، عەواد بەندەری سەرۆك دادگا وەکو ئەکتەرێك خۆی لەسەر دەنواند!! ئەوەی شارەزایی لە شێوەی دادگاییکردنی ئاسایی هەبێت چاك دەزانی، تاکو کەسێك سزا دەدرێ چەندان بەڵگەنامە و شایەتی گەرەکە، بەڵام لە دادگای بەندەردا پەنجا و دوو کەس پێکڕا بەماوەی پێنج خولەك دادگایی کران، سی کەس سێدارە و بیست و دوو کەسیش سزای موئەبەد. لە دوازدە کەسەکەی سلێمانیش هەر زوو چواریان گەڕانەوە، هەشتیان سێدارە!! ئەوەی سێدارە بێت ناگەڕێتەوە هۆڵەکە، بە دەرگایەکی تردا رای دەپێچن!! داخەکەم ئەو هەشت کەسەی سلێمانی هەر هەموویان لە تەمەنی (١٦، ١٧) ساڵی دابوون، ئەو چوار کەسەی گەڕانەوە هۆڵەکەش مەردانە هاواریان دەکرد (کەم بژی کەڵ بژی). ئەو رۆژە هۆڵەکە بۆنی خوێنی لێ دەهات!! ئێوە خۆتان بڕیار بدەن

ئەو دیمەنە سامناکە لەبەر چاوتان بیت، دەبێ چۆن تەخمین لە ئێمە بکەن، لەچی بارێکی دەروونی دا بووبین!! باش بوو کاك حوسێن و کاك سلێمان کەبابچی هەر زوو نیشانەی سەرکەوتنیان بەرز کردەوە، سزاکەیان موئەبەد بوو!!

پیاو لە دۆخی ئاوادا، هانا بۆ زۆر شت دەبا، لەوانەیە لە کاتی تردا بە خەیاڵیشیدا نەیەت، کە مامۆستا ئەنوەریان بردە ژوورەوە، دەستم بەرزکردەوە خوایە، بیپارێزی چاوم بڕیبووە دەرگاکە ئەوەبوو گەڕایەوە و بەپیریەوە چووم ماچی کەم، یەکسەر کەوتە خوارەوە، چوومە بان سەری (کاك ئەنوەر.. خۆ تۆ قەت بێ ورە نەبوویت؟)، گوتی براکەم .. خورپەیەك کەوتە دڵمەوە، (برایەکی پێش خۆی گیرابوو لە ئەمنی هەولێر بێ سەرو شوێن بوو).. گوتم براکەت چییەتی؟!! گوتی عواد بەندەر پێی گوتم تۆ برای ئەو تاوانبارە نیت، کە لە هەولێر گوللەبارانمان کرد!!! بەڕاستی بە تەواوی بێ تاقەت بووم!! هەر خۆم لەبیر چووەوە، هەر چۆنێ بوو دڵم دایەوە، راستم کردەوە خەریك بووم لە تەکیا دانیشم ناوی منیان جاڕدا و چوومە ژوورەوە، لە نێو قەفەزێکی دارین وەستام (عواد البندر) بوو، لە راست و چەپی دوو ئەفسەری پلەداری گەورە، ئینجا داواکاری گشتی، لە خوارەوە زەلامێکی کورتە باڵا گوایە (محامی دیفاع)ە لەگەڵ نووسەرێك و وەرگێڕێك، لەبان سەری نووسرابوو (و آمرهم شوری بینهم).. ئیتر دادگای ئەلکترۆنی دەستیپێکرد!! زۆر بەپەلە داواکاری گشتی دەقی راوبۆچوونەکانی ئەمنی هەولێری خوێندەوە، داوای توندترین سزای کرد، پارێزەر وەکو بروسکە قیت بووەوە و چەند وشەیەکی لە دەم هاتە دەرەوە، بۆ هەموو کەسێك هەمان رستەیە (بۆ خاتری سەدام روحمی پێبکەن)، ئینجا سەرۆك رووی لە من کرد (تاوانباری یا بێ تاوانی؟) نەخێر زۆر

بێ تاوانم، بەندەر هاواری کرد (خونه یگولون ابریاء) هەموویان کیل بوونەوە و بڕیار درا بە موئەبەد سزا بدرێم و هەرچی سامان، ماڵ، پریسکە و بزگوڕی ماڵەوە هەیە دەستی بەسەردا بگیرێت).. گوتم گەورەم خوا پەسەندی ناکا خۆ من هیچ دانپێدانانێکم نییە، هاواری کرد؛ بڕۆ دەرەوە سەگی سەگباب، کاکە پاڵێکیان پێوە نام، دەم و لووتم پڕ بوو لە خوێن، هەزار ڕەحمەت لە کفن دز، چاك نەبوو قەرەقوش بوختانی بە ئایەتی قورئان نەدەکرد!! (وآمرهم شوری بینهم)، بۆچی کەس نقەی لێوەهات!! هەر کە گەیشتمە ناو هۆڵەکە ئەمنێ بانگی کردم بۆ پەنجەمۆر و گوتی چەند حوکم بوویت؟ گوتم هەتاهەتایە، گوتی: (بعد شترید لله ربك) باش نەبوو ئیعدام نەکرای بەخوا لە چەند مانگێك زیاتر نامێنیتەوە! سەیرە پیاوەکانی خۆشیان بڕوایان بە مانەوەی سزای ئاغاکانیان نییە!! بەرەو ئەبوغرێب راپێچیان کردین، برادەرانی سلێمانیش لەگەڵمان، بە هەشت سێدارەکەشەوە، ئیدی ئەو هەشت قارەمانە دەستیان بە سروودی شۆڕشگێڕی کرد و ئەوان دڵی ئێمەیان ئەدایەوە، لە نەعرەتی مارشی یەکێتی حەماسم هەستاو هاوارم کرد (کوردێ کە ئەچووە بەر دەمی سێدارەکە ... ئەوەندە مەرد بوو ئەو بە مردنی دەگوت دە رامەکە).

ئێستاش هەڵوێستی ئەو کەڵەپیاوانەم وەبیر دێتەوە، هیوام بە دوارۆژ پتەوتر دەبێت، ئەوان سەرزەنشتی ئێمەیان دەکرد، بۆ سروود ناڵێین، بۆچی داماون ئەی بەرخی نێر بۆ سەربرین نییە؟!! خەریکی ئەو مەراسیمە بووین، ئەمنێك دەرگای ماشێنە داخراوەکەی کردەوەو گوتی (گواوید شبیکم ....یموتون و یهلهلون!!)، مەحکومەکان با دابەزن، ئیتر ئێمە دابەزین و هەشت هەڵۆ بەرزە فڕەکەش بەدەم سروودی ئەی رەقیب، بەرەو قەسابخانەی ڤایمەری بەعس رۆیشتن ....

**تێبینی؛**

ڤایمەر شارێکە لە ئەڵمانیا، ئەو بەندیخانەیەی تیا سازدراوە کە نازییەکان نیشتمان پەروەریان تێدا بەند دەکرد و لە نێو فڕندا دەیان سووتاندن!!! ئێستاش ئەو بەندیخانەیە هەر ماوەو خەڵك دەچنە سەیری بۆ شارەزا بوون لە ئاکارە دزێوەکانی فاشییەت ... خۆزگە پەرلەمان و حکومەتی کوردستانیش، بەندیخانەکانی ئەمنی هەولێر، سلێمانی و دهۆکی ئاوا دەپاراست، تاکو میوانانی کورد، لە خوێنڕێژی، دڕندەیی و نامرۆڤی بەعس ... دەگەیشتن.

# ئەبوغرێب یا زیندانی ڤایمەری بەعس؟!!

سەیرو سەمەرە، دژەکاریی و ناکۆکی، ململانێی ڕووداوەکانی سروشت و مێژووی زێدە دێرینی مرۆڤایەتی، ئەوەندە زۆر و بێ ژمارەن، هەر یەکەیان بۆ خۆی (ئەنسکلۆپیدیایەك) سازدەدەن.!! گەلێکیان تا ئەوڕۆ جێگای سەرقاڵی، لێکۆلینەوە، پێداچوونەوە و لێپرسینی مرۆڤن!! ڕەنگە بەش و پێداچوونەوە و لێپرسینی مرۆڤن!! ڕەنگە بەشێکیان لەبەر تیشکی زانستی و لە پەڕاوێزی ئەزموونی نهێنییەکانیان، یەکالا بووبێت. بەشی زۆریشی تا ئێستا وەڵامی ڕاست و دروستی نەدراوەتەوە!! خۆ دیارە ئەو دیاردە وێك نەچوانەش، هەر بوارێکی زانستەکان و تەوەرێکی چالاکی و جموجۆڵی لەمێژینەی مرۆڤ ناگرنەوە، بەڵکو وەکو تور و چەپەر، زیندەوەر، سروشت و مرۆڤ دەگرنە خۆیان بۆ ئەوەی هەر زوو ئامانج بپێکین، باز بەسەر ناکۆك کارەکانی مێژوودا دەدەین، لە دەقێکی نزیك و لە دوو کیشوەری تاڕادەیەك هاومەرز، کەسایەتی و ڕەفتاری دوو کەس دەخەینە بەر باس و لێکۆلینەوە، کە ڕەنگە هەر یەکەیان لە سات و کاتێکی دیاریکراو، خۆیان بەجیهانی سیاسەت و حوکمڕانی ئاشنا کردبێ، بەڵام وەکو دوو ڕووی جیاواز و دوو کەسایەتی هەرگیز وێك نەچوو!

لە کیشوەری ئەفریقیا، وڵاتی کینیا، سیاسەتمەدارێکی گەلدۆست لە نێو بۆتەی خەباتی خوێناوی، خۆی بە ویستی گەلەکەی شەتەك دەدات و بانگەوازی سەربەخۆیی و ڕزگاری وڵاتەکەی لە بڵندگۆی تێکۆشانی چەکدارییەوە، بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پەخش دەکات.

(ئەمیل کار کابرال)ی شۆڕشگێڕ وەکو سەرکردەی حزبی "رزگاری کینیا" هەر چەندە رەشپێست بوو، بە کردار و رەفتار بوو بەیەکێك لە کەڵە پیاوانی بۆتەی گیانبازی گۆڕەپانی (پارتیزانی) و نیشانەی کەسانی، وردبین و شارەزا لە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکیداساڵی ١٩٦٥ هاوڕێ و هەوادارانی حزبەکەی دەدوێنی و دەڵێ؛ (داوا لە بەرپرسانی حزب بکەن، بەچڕی مل بدەنە خوێندنەوە و خۆ فێرکردن. پابەندی تێکۆشان و گرفت ژیانی رۆژانەی کۆمەڵانی خەڵك بن لە (ژیان، گەل، ئەزموونی شیرین و تاڵ) کەڵك وەربگرن. جاڕ بۆ دیموکراسی شۆڕشگێڕ بدەن، هیچ شتێك لە گەلەکەتان حەشار مەدەن).. کابرال، ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٧٣ بە گوللەی دوژمنانی رزگاری و سەربەخۆیی شەهید کرا، بەڵام ناسنامەی، سەربەرزی و شەرەفمەندی لە گەل وەدەست هێنا. بە پێچەوانەشەوە لە بەغدای پێشەنگی شارستانی، کابرایەکی، بە سیما، جەنتڵ و باڵا بەرز و بە رەفتار دڕندەو خوێنڕێژو حەرام زادە بەناوی (سەدام حسێن) ی تکریتی دەپەڕێتە سەر کورسی دەسەڵات، بە تەرحی خەڵکی عیراق هەراسان دەکات، زۆر زۆر لەو کەسانە تێدەپەڕێنێ کە مێژووی مرۆڤایەتی نەفرەتی لێکردوون. قەت و قەتیش ئەو وشە دزێوانەی بە باڵای ئەوا نەبڕاوە. ناکرێ بۆ سەدام تکریتی دەعەمەل بێن بۆ داڕشتنی وشەیەك کە بۆ ئەو چنگ بەخوێنە سادی رەفتار بسازێ دەبێ چەندان سیاسەتمەدار و دکتۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی دەروونسازی یەکبگرن و ئەو وشە نوێیە بە فەرهەنگی سیاسی ئاشنا بکەن. ئەو داهێنانەش بۆ ئەوڕۆ ببێتە سونبولی کەسێك کە لە هەموو روویەکەوە جێگای نەفرەتی توخمی مرۆڤ بێت!

بەڕاستی لە توانای هیچ شانامە و یاداشت و نەفرەت نامەیەکدا نییە، تاوانەکانی (سەدام) دەرهەق بە خەڵکی عیراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی بە خۆیەوە بگرێ..!! من پێم وایە لەوەتەی بەعس بووە بە کەڵەگای عیراق، هۆلاکۆ و جەنگیز خان و هیتلەر و مۆسۆلینی، لە گۆڕەکانیاندا خاتر جەمن.!! نەك هەر شوێنیان خاڵی نییە و بەس بەڵکو جانەوەری جێگیریانە کە سەد خۆزگە بە کفن دز! ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان ئەگەر بۆشمان نەکرێ هەموو قوژبنەکانی تاوانی (سەدام حسێن) و ستافەکەی بخەینە بەر رووناکی دیدی خەڵك بۆمان هەیە پەردە لەسەر بەشێك لە بەدکارەکانی لابدەین کە خۆمان یەکێکین لەو چەندان هەزار کەسەی بە چاوی خۆمان دیومانە و لەژێر باری ئەشکەنجەکەیدا رۆژگاری دوورو درێژی پڕ لە مەینەتی ئەو ساتانەمان بەسەر بردووە.!! ئەگەر رووداو و ئەو گۆڕانکارییە لە ناکاوەکانی ناوچەکەش نەبوایە، رەنگە تاکو ئەورۆ یاوەری مردنی لەسەرخۆ باین..!! دە فەرموون ئێوەو باسێکی سەرپێیی زیندانی ئەبوغرێب کە جەمسەری چۆنیەتی زەلیل کردن و داپڵۆسین و گرواندنی گەلی عیراق دەخاتەڕوو...!!

ئەبوغرێب، ناوچەیەکە دەکەوێتە رۆژئاوای شاری بەغدا، بە دارستان و مەزرای سەوز داپۆشراوە، کاتی خۆی ناویان نابوو (شاری زێڕی سپی)، چونکە شوێنی بەخێوکردن و پەروەردە کردنی ئاژەڵی شیردەر و پەلەوەر بوو، ساڵێ بە ملیۆنان دینار دەستکەوتی بەرهەمی ئەو ناوچەیە بوو.. بەڵام بەعسێك (دارالسلام) بکات بە (دارالاشرار)!! کوردستانی وڵاتی بەفر و جوانی بکات بە وێرانە، چۆن بیر لەوەش ناکاتەوە، وەك هیتلەر شاری ڤایمەری ئەڵمانیای بەناوکردوو زیندانێکی لێ سازدا، کە مرۆڤ لە فڕنی ئەو زیندانە وەکو (کولێرە) دەبرژێنرا، ئاواش بەعس ئەو ناوچەیەی زەدەدار (شەرمەزار) کرد و زیندانێکی لێ کێل

کردەوە تاکو رۆژێ خوێنی دەیان کوڕ و کچی ئازای عیراق بڕێژێ!! هەزارانیش هەر لەو زیندانە شوێن بزر بکات و بەکۆمەڵیش خەڵك بخاتە ژێر کۆت و زنجیری دیلییەتی! خۆ دیارە دوا رۆژی نزیکی ئەو زیندانەش هەر دەبێ لە زیندانی (باستیلی) فەرەنسی چاکتر نەبێ کە شۆڕشگێران لە ١٤ی تەمووزی ساڵی (١٧٨٩) تەپاندیان و ئەو رۆژە بووە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسی و فەرەنسییەکان، کردیان بە رۆژی جەژنی نیشتمانی خۆیان!!

ئەوەی راستی بێت سەرچاوەیەکی ئەوتۆم دەست نەکەوت کە نیشانی ئەوە بدات، بیرۆکەی دروستکردنی زیندانی ئەبوغرێب، کەی و لەلایەن کام رژێم نەخشەی بۆ کێشراوە. بەڵام وەك دەردەکەوێ، لە سەرەتادا ئەم زیندانە وەك شوێنێکی کۆمەڵایەتی نەخشەی بۆ کێشراوە، پەرتووکخانە، شانۆو شوێنی یارییەکانی وەرزشی بەڵگەی ئەو بۆچوونەیە، کەچی رژێمی بەعس بەتەواوی سیماکەی گۆڕیوە و چەند جەمەلۆنێکی بۆ زیاد کردووە، پەرتووکخانە و شانۆکەی کردووە بە شوێنی ئەشکەنجە، تۆقاندن، لێپرسینەوە و بەوردی بیری لەوە کردۆتەوە شێوەی زیندانە فاشییەکانی بە باڵا ببڕێ!! ئەم زیندانە بریتییە لە چەند بەشێك (بەشی سێدارە، بەشی سزا قورسەکان، بەشی سزا کەمەکان و بەشی سزا تایبەتیەکان)، ئەوەی دوایی بۆ خەڵکی سیاسی تەرخان کراوە و نێوی لێنراوە (قسم اصلاح الکبار/ بەشی چاکسازی گەوران). تێڕامانی تابلۆی ئەو بەشە (الاحکام الخاصە، قسم اصلاح الکبار/ سزا تایبەتییەکان ـ بەشی چاکسازی گەوران) دوو پرسیار دەهێنێتە ئارا:

یەکەمیان: سزای تایبەتی بۆ ؟!! دووەمیان، ئایا راستە ئەو خەڵکەی فڕێ دەدرێتە ئەو بەشە، وەرگەڕاو و لەڕێ لادەرە و پێویستی بە (ئیسلاحە) ؟!!

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم، هەرچی پسپۆڕی یاسا و فەلسەفە هەیە، هەر لە ئەرستۆ و سوکرات و ئەفلاتوونەوە بگرە، تاکو ئەوانەی سەردەمی ئێستا، تاکە بڕگەیەکی یاساییان، دانەڕشتووە کە سزای خەڵکانێك بدات، هەڵگری بیروڕاو بۆچوونی سیاسی تایبەتی بن، بەڵکو هەر هەموو بڕگە یاساییەکان، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، مرۆڤ سەربەست بێت لە دەربرین و پەسەندکردنی بیر، بۆچوون، ئایین و ئایینزا.

ئەو کەسانەی لەسەر بیروڕا سزا دەدرێن، تەنیا بەپێی ئەو یاسایانەیە، کە بەعس، ڕژێمە فاشی و تیرۆریستەکان دایدەڕێژن و مۆری تایبەتمەندی ئەوانی پێوەیە. بۆیە ناچارن بنووسن (الاحکام الخاصة)! بۆ ساخکردنەوەی وشەی (اصلاح الکبار)یش، پێویست بە زۆر ماندوبوون و تێڕامان ناکات، حزبی بەعس وەکو نازییەکان، خۆیان بە سەرپشکی خەڵکانی تر دەزانن!! هەرچی بڕوای بە بیرو بۆچوونی ئەوان نەبێت، بە لادەر و وەرگەڕاوی دەزانن!! ئەوەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستی ئەوانەو ئاماژە لەوە دەکات (دیموکراتی، مافی مرۆڤ و فرەلایەنی) لای بەعسییەکان کوتاڵی بێ ڕەواجن.

ئێمە دەستەیەك لەوانەی سزای سێدارە و موئەبەدمان بەسەردا درابوو لە (١٩٨٧/٨/٣٠) گەیشتینە ئەبوغرێب. بەداخەوە ئەوانەی سزایان سێدارە بوو، لە نێو ماشێنەکەمانەوە، ئێمەش لە بەشی (الاحکام الخاصة) دابەزین، لە دەرەوە بیستمان، یەکەم جار دەمانبەن بۆ ژووری پێشوازی (الاستقبال). بۆیە وێنەی ژوورێکی پاك و خاوێن لەبەرچاومانا وەکو فیلمی سینەما گوزەری دەکرد!! بە تایبەتی پاش ئەوەی ماوەی پتر لە بیست مانگ لە ژوورە تاریکەکانی ئەمن، گۆڕەو شار درابووین!!

دڵی خۆشمان بەوە خۆش کردبوو، رەنگە یەکسەر دکتۆری تایبەتی بەسەرمان بکاتەوە، دەیان جۆر لە حەساسییەکانمان چارەسەر بکات!!!

هەر لە ماشێن دابەزین ئیدی بەرەو ژوورێك راپێچیان کردین، ژوور چ ژوور تاریك، پیس، بۆگەن!! هیچ کاتێك لە سی کەس کەمتری تێدا نییە!!

زیندانییەکان، هەر هەموویان لەبەرمان هەستان، ئەملاو ئەولایان ماچ کردین، گوتیان: (ئەگەرچی حەز ناکەین هیچ کەس تووشی ئێرە بێت، بەڵام مادام لە مردن رزگار بوون، زۆر زۆر بەخێر بێن). کۆڕی قسە گەرم بوو، خەڵکی کوێن؟ ئەمڕۆ باری دادگا چۆن بوو؟!! چەند کەس ئیعدام بوون؟

لە گرمەی وەڵامی پرسیارەکاندا بووین و خۆمان لەبیر کردبوو، هەر ئەوەندەمان بینی، دوو کەس بەر بوونە گیانی یەکتری!! واقمان وڕما سەرسام بووین!! چۆن دەبێ زیندانیانی سیاسی، ئاوا رەفتار بکەن؟ ئەی هەمووومان مارانگازی یەك ئەژدەها نین؟ باش بوو، هەرزوو بە گوێیان چرپاندین، هەردووکیان، مامۆستا ئەنوەری کەرکوکی و کاکە مچەی هەولێری لە ئاکامی ئەشکەنجە شێواون!! برایەکی کەرکوکی گوتی مامۆستا ئەنوەر چاکترین مامۆستای ماتماتیك بووە، کابرایەکی زاناو چەپخواز بووە!! خۆشمان، گوێمان لێ بوو پەیتا پەیتا ناوی، گەورە ئەدیب و سیاسەتمەداری دنیای دەهێنا (گۆرگی، هەمەنگوای، تۆلستۆی، پوشکین). ژمارەی ئەو کەسانەی لەژێر فشاری دەزگا سیخوڕییەکان، شێت ببوون، هەر تەنیا لە بەشەکەی ئێمە واتە (الاحکام الخاصة) دەگەیشتە پەنجا کەسێك. جا هەر یەکەیان بە شێوەیەك!!

زۆرجار مرۆڤ کە لە تەنگانەیەك دەرباز دەبێت، بۆ ساتێکی کورتیش بێت، دڵنیایی و ئۆقرەو ئارامییەك، دەبێت بە میوانی و

دەزوولەکانی مێشکی دەحەسێتەوە، من بەش بەحاڵی خۆم بیست و هەشت رۆژ لە زیندانی (فزەیلییە) مامەوە چاوەڕێی، دادگا بووم، باوەڕتان هەبێت، لە گێژاوێکی ئەوتۆدا بووم، شەوو رۆژ دوو کاتژمێر نە دەنووستم!! هەر لە خەیاڵی چارەنووسی رەشی خۆم دابووم لەبەر ئەوەی نا، کە باوەڕم بە هەڵوێستی خۆم نەبێ، نەخێر، چاك دەمزانی، ئەگەر بە پێی یاسا، مامەڵەم لەگەڵ بکەن بەدڵنیاییی نەك هەر سزا نادرێم، بەڵکو ئازاد دەکرێم، بەڵام چاك دەمزانی یاسا لای ئەوان قسەیەکە راستەوخۆ لە دەمی سەرۆکی دادگا دەردەپەڕێ، سێدارە، زیندانیکردن، پێم وابوو، ئەگەر لەو بەڵایە رزگار ببم، ئیتر دەبم بە هەواداری خەو و تۆڵەی ئەو رۆژانە دەکەمەوە!! بەڵام هێشتا دڵەکوتەی ئەنجامی دادگا جێگیر نەبوو بوو، هەر لە ژووری بەناو (پێشوازی) خەمێکی دیکەیان وەبەرداین، لە زیندانی ئەبوغرێب چەند ژوورێك هەیە پێیان دەگوترێ (قفل، یان قافات) یا داخراو هەر کەسێ بەر ئەو ژوورانە بکەوێ، بە تەواوی دەبێتە زیندووی مردوو!! ببڕای ببڕای رۆژی رووناك بەدی ناکات!! چاوپێکەوتنی قەدەغەیە، هەرگیز دەرچوونی نییە، وەك بەردی بن گۆمی لێدێ، کەس سەرو شوێنی نازانێ! هەر لەو قافانە خەڵکی وای تێدایە پازدە ساڵە، خۆشەویست، خزم و کەسی خۆی نەدیوە!!

لێتان ناشارمەوە خەمی ئەو ژوورە داخراوانە، کۆئەندامی بیرکردنەوەیان شێواندبووم و خۆشی لە سێدارە رزگار بوونم، تام و چێژێکی نەمابوو!!

دوو شەو و دوو رۆژ لە (محجر) یا ژووری (استقبال)ماینەوە، تابڵێی هەراسان و نیگەران بووین، لەبەر جەنجاڵی، هەردەمە چەند کەسێك دەبورانەوە! لە رۆژی سێیەم دەرگا کرایەوە چەندناوێك جاڕ درا، یەکێك لەوان من بووم زوو زوو خۆمان پێچایەوە، بەرەو دەرگا رێچکەمان بەست، بە دالانێکدا پێش خۆیان داین، لەناکاوێك دەنگیان

داین بوەستن، یەکە یەکە ناویان خوێندەوەو (مادەی) سزاکەیان دەپرسی ئەوەی نەیزانیایە وەی بە حاڵی! بە زللە بەرەو (محجر) دەیانگێڕایەوە، پاشان. هەریەکە بە تەنیا (تحقیق هویة)یان لێ کردین، پتر پێیان لەسەر برا شیوعییەکان دادەگرت و زۆر مەبەستییان بوو هەر لەوێ چەند کەسێکیان لە خشتە بەرن و لە خۆیان نزیك بکەنەوە!! بەویژدانەوە دەڵێم، کەسیان ئامادەی خۆ دۆڕان نەبوون! ئینجا هاواریان کرد یاڵڵا بەرەو جەمەلۆن، لە خۆمان کەوتینە گومان، دەبێ بووبین بە ئاژەڵ؟! چونکە جەمەلۆن هەر بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر دەسازێ، دەی چار چییە!! بە ڕێڕەوەکەدا شۆربووینەوە، دەستمان لەسەر دڵمان بوو، دەبێ بەر قافەکان نەکەوین؟! ئۆخەی لەو زگەش دەرباز بووین!! من و چەند برادەرێکی هەولێری بەر جەمەلۆنی دوو کەوتین، هەر دەرگا کرایەوە کۆمەڵێك زیندانی باوەشیان پێداکردین، دیاربوو ئەوان، زوو درکییان پێ بردبوو کە ئێمە هاتبووینە ناو (محجر). هەروەك دەشیان زانی، خەڵکی کام شارین و سەر بەچی لایەنێکی سیاسین ئەوانەی لە دەوری من کۆبوونەوە، برایانی هەولێر بوون. هەر زوو، بەرەو خێمەکەی خۆیان، بردین، جلوبەرگی پێویستیان، بۆ ئامادەکردین و داوایان لێ کردین خۆمان بشۆرین، چونکە دەیانزانی هی وامان تێدایە ساڵ و نیوێك دەبێت ئاوی ساردیشی بە خۆیدا نەکردووە!! بەڕاستی پێشوازی و هاوکاری و خزمەتی ئەو برایانە بە هیچ بەهایەك ناقەبلێ!! زیندانی ئەبوغرێب لە دیدی ئێمە نیمچە بەهەشتێك بوو لە چاو زیندانە ئینفرادییەکانی ئەمن بەڵام لەڕاستیدا جێگای مرۆڤ نییە!! پێم وایە لە وڵاتێکی شارستانی ڕێگا بەخۆیان نادەن بۆ ئاژەڵیش بەکاری بێنن!! لە تەنیا مەترێکی چوارگۆشە پتر لە دە کەس دەنوێنن. هەرچی نەخۆشی کوشندە هەیە ئا لەوێدا گەرای کردووە!! کۆگای هەموو

جۆرە حەساسییەتەکانە!! مرۆڤ لەو زیندانەدا لە قاوغی راستەقینەی دەردەچێ و وەکو کۆیلە بەرخوردی لەگەڵ دەکرێ!! دەبێ سەعات هەشتی شەو بەرانبەر تەلەفزیۆن هەڵتووتی و گوێ لە قسەکانی (سەدام حسێن) بگری!! لە پەرتووکەکانی خوێندنگەی بەعس بەولاوە کفرە و تاوانە هیچ پەرتووکێکی تر بەدەستەوە بگری! رادیۆ لە تریاك و ئەفیون قەدەغە ترە! بە کورتی ئەگەر باسی چۆنیەتی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بکەین ئەوا نامیلکەیەك پێك دێنێ خۆ باسی بەشی سێدارە هەر ناکرێ چەند هەڤاڵێکمان لە بەشی سێدارە رزگاربوون و سزاکەیان گۆڕا بە موئەبەد و گوێزرانەوە لای ئێمە، ئەوان دەیانگێڕایەوە کە ژووری سێدارە هەر ساتێکی مردنێکە لەگەڵ تەقەی دەرگا ژیانی چەند مرۆڤێك کۆتایی پێ دێ، هیوا کە تاکە رووناکییە کە مرۆڤی نابیناش لەو شوێنەدا دەچێتە نێو دەریای عەدەم، رەنگە نۆکەرە فشۆڵەکانی بەعس لەژێر فشاری کۆت و زنجیر و ژووری تەنگ و تاریکدا بەرانبەر خەڵکی بێدەسەلات خۆیان وەکو عەنتەر و رۆستەم بێتە بەرچاو، بەلام زۆر جار لەنێو خەڵکی ژوورەکانی سێدارەش هێزی لەبن نەهاتووی بیری کەڵەپیاوان دەتەقێتەوە و بەشێوەیەك رووبەڕووی جەللادەکان دەوروژێ سەرتاپا دەزگا سیخوڕییەکان دەتەزێنی یەکێك لەو کەڵەپیاوانە هاوڕێ (هۆشمەند) بوو برا زیندانییەکانی لە سێدارە دابەزیو، گێڕایانەوە کە (جەلال عەلی عەبدوڵلا- هۆشمەند) رۆژانە لە هەتیوەکانی بەعس رادەخوڕێ (ترسنۆکینە، فاشینە، بە کوشتنی ئێمە گڕو بلێسەی خەبات نەك هەر کز نابێت بەڵکو خوێنی ئێمە دەبێتە بەنزینی زیاتر و جۆش سەندنی بەرهەڵستکاری. جەلال عەلی عەبدوڵلا لە خێزانێکی هەژار بوو زۆر بەئاستەنگی کۆلێژی کشتوکاڵی لە شاری هەولێر تەواو کرد، ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٢)

داینەمۆی راپەرینی خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین بوو، لە ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ بە بیانووی چەپخوازی لە شاری سلێمانی دەستگیر کراو سزای سێدارەیان بەسەردا درا. دیارە بەر لە هاوڕێ جەلالیش هەڵۆ سورەکانی (ی. ن. ك) (شیهاب، جەعفەر و ئەنوەر) هەر بە هەمان ورە و توانا رووبەڕووی مردن بوونەوە لە دژوارترین دۆخدا، کێبڕکێیان لەسەر ئەوە دەکرد هەریەکەی لە هاوڕێکەی زووتر شانازی شەهید بوون وەدەست بێنی تا لە کۆتا بڕیاڕدا بەپێی بەرپرسێتی بەرەو دنیای نەمری رۆیشتن).

پاش ئەوەی یەکەم دیدەنیم هات و دڵ و دەروونم بە دیتنی منداڵ و خزم و دۆستان روون بووەوە گەلێك لەو پرسیارانەی لە بیرمدا پەپکەیان کردبوو، لەمەڕ شار و شاخ وەڵامیان دراوە، کەوتمە خۆ بۆ راپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی چاوەڕوانی منێك دەکەن کە ئەزموونی چەند ساڵەی خەبات و شارەزایی پێ بەخشی بووم. ئەوە بوو یەکەم کارم تاوتوێکردنی باری سیاسی زیندان بوو، جەمسەری ئاستەنگەکان خۆی لەوەدا دەنواند کە ناکۆکی، ململانێ و ناتەباییەکی چاوەڕوان نەکراو باڵی بەسەر زینداندا کێشابوو، دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتیش زەمینەی زیاتریان بۆ دەڕەخساند و رۆژانە نەخشەی فراوانبوونیان بۆ دەکێشا لەوانە ناکۆکی نێوان هەڤاڵانی (ی. ن. ك) و (ئاڵای شۆرش)ی ئەوێ دەمێ! چاولێك سوورکردنەوی هەڤاڵانی (پ. د. ك) و (پارتی گەل)ی ئەو کات!! شان لە یەك خشاندن و قەبو قەبوی هەڤاڵانی باڵەکان (حسك) و گەلێ وردە گرفتی تریش!! پاش زنجیرەیەك کۆبوونەوە و وردکردنەوەی گرفتەکان بە هەوڵی دڵسۆزانەی هەموو لایەك توانیمان لە چەند تەوەرێکەوە کێشەکان بن بڕ بکەین، بەرنامەی کاری هەماهەنگی تەبایی و یەك هەڵوێستی بەرانبەر جموجۆڵ و دژەکارەکانی ئەمن و ئیستخبارات

داڕێژین و پیادەی بکەین. دیوەکەی دی کارنامەکەمان ڕەتکردنەوەی دروشمی بەشەکەمان (قسم اصلاح الکبار) بوو! بەوەی نەك هەر ڕێگا نەدەین کەلێن و پواز لە دیواری پتەوی شۆڕشگێڕیمان دروست بکەن، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەرمانی هەستی نیشتمانپەروەری دەوڵەمەندتر بکەین و کانیاوی گڕی ڕەسەن لە مێشکی هەڤاڵان دەربێ و جۆگەلەی ڕووناکبیر مەزرای هۆشیاری بەر ئاو بکات. ئەو کارە لە کەشوهەوایەکی وەکو زیندانی فاشییەکان کوڕی ئازاو خۆڕاگر و لەخۆبردووی گەرەکە، چونکە هەردەم تارمایی جەزرەبە و مردن باڵی بەسەر ئەو شوێنەدا کێشاوە و چاوی دەزگا سیخوڕییەکان پشیلە ئاسا دەبریسکێتەوە!! شتێکی ئاشکرا بوو زیندانییە کوردەکان بەشی زۆریان (ی. ن. ك) بوون نەدەکرا لێ بگەڕێین هەروا (عەفەوی) ڕۆژگار بەسەر بەرن و (کونجی زیندان نەبێت بە خوێندنگەیەکی کوردی و کۆمەڵایەتی) ئەو ڕاستییە بوو بە هاندەری دەستەیەك کوڕی شۆڕشگێڕ کە ڕۆژانە وەکو پەپوولە بسوڕێنەوە و شیلەی هۆشیاریان ببەخشن و زیاتر تیشك بخەنە سەر هەر هەموو لایەنەکانی چەپخوازی، بۆ ئەوەی ماندوو بوون و خزمەتگوزاری ئەوانە نەکەوێتە خانەی لەبیرچوون و تەپوتۆزی کات و سەردەم ماڵنجی نەدات. جێی خۆیەتی بلێم ئەو دەستەیەی پرۆسەی هۆشمەندی و ڕووناکبیریان بە ئاکام گەیاند بریتی بوون لە هەڤاڵان: (موحسین ئیبراهیم حەسەن، نەسرەدین مامە کەریم، کەمال هەورامی، قاسم زرار، سەعدی عەلی، سەمەد بێتواتەیی، جەمیل مەلاقەرە، کاکەڕەش ڕەشید کەرکوکی، نوری پارێزەر، عوسمان شوانی) گەلێکی تر لە هەڤاڵانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان کە داخەکەم ناویانم لەبیر نەماوە بۆ کاری کۆمەڵایەتی و هەم ئاهەنگی و تەبایی و ئامادەکردنی پێداویستی زیندانیان دەستەیەکی تر زۆر

بە کارامەیی و خۆش نەوازی شەو و رۆژیان بەیەکەوە شەتەك دەدا لەوانە هەڤاڵان (کەمال شاڵی، شوان فەوزی، حەمەی شێخەشەلی، محەمەد مەخموری، جەبار کەرکوکی، مامۆستا بایز، مامۆستا خدر، مامۆستا عەلی سلێمانی، قادر چاوشین، نەجات عەزیز) و زۆری دیکەش. سەرژمێری گشتی ئەو کەسانەی لە بەشەکەی ئێمە بوون بەلای کەم خۆی لە بیست هەزار دەدا هەموویان بە (ملف) و بە (مادە) لەسەر سیاسەت گیرابوون لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە تێدا بوون تا دەگاتە نەوەد ساڵی، کە بە چوار چەرخە هات و چۆیان پێدەکردن، ئەوەی بۆ ئێمە دەشێ (گرەنتی) لەسەر بکەین ئەوە بوو کە لە هەشت هەزار زیندانی کورد تەنیا هەزار کەسی سیاسی نەبوو، بەڵکو زۆربەیان لە ژێر زەبر و زەنگ و فشاری هۆڤییانەی دەزگاکانی ئەمن و ئیستیخبارات کرابوون بە سیاسی!! خۆشبەختانەش لە جیاتی ئەوەی بە گوتەی بەعس (اصلاح) ببن، زۆربەی هەرە زۆریان ئەلف و بێی سیاسەت فێربوون و دەشێ ئەو ڕۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسیان پێ گەرم بکرێ!! زۆریش ماندووبوونی نەدەویست بۆ ئەوەی خەڵکی سیاسی و خەڵکی عەوام لێك جیابکەینەوە، هەرچی سیاسییەکان بوون سەرقاڵی خوێندنەوە و گفتوگۆی سیاسی بوون و هەموو ئێوارە وەختانێك گۆڕەپانی بەشەکەیان بە بیروڕا گۆڕینەوە و شیکردنەوەی ئەزموونەکان دەڕازاندەوە، ئەوانی تریش بەردەوام خەریکی کاری دەستی و کڵاش چنین و چەرچییەتی بوون، هەر بۆ ئەوەی بە تەواوی راستی بۆچوونەکەمان بسەلمێنین، کە بەعس بە چ ئەندازەیەك کەوتۆتە ویژەی خەڵکی عیراق و چۆن دروێنەی نا بەعسی دەکات و بەختوخۆڕایی لەزیندانیان دەپەستی، وا باسی چۆنیەتی گیرانی ئەو چەند کەسەی خوارەوە دەکەین کە عەرەب بوون، بە موئەبەد سزا درابوون:

یەکێك گێڕایەوە؛ «سەربازبووم، رەئیس عورەفاکەم سالّح حسێن رەوانەی بازاڕی کردم بۆ کڕینی سۆپایەك، دەمێك بوو عەرەقم نەخواردبووەوە یەکسەر پارەی سۆپام بە عەرەق دا تاکو مەست بووم هێنامە خوارەوە !! ئیدی بە دالّغەی مەستییەوە گەڕامەوە و لەدورەوە دەستم کرد بە جنێو باران کردنی رەئیس عورەفا (سالّح حسێن)، کاتێ وەخۆ هاتمەوە لە ئیستخباراتی (فەوج) خۆم دۆزیەوە، گوتم بۆ لێرەتان کردووم سووچ و گوناهم چییە؟ گوتیان، سەگباب جنێو بە(سید الرئیس) دەدەیت!! گوتم کاکە جنێوم بە رەئیس عورەفا (صالح حسین) داوە، کوێت دێشی تا ناچاریان کردم بە خۆڕایی خۆم تاوانبار بکەم موئەبەد سزایان دام!!».

ئەبو مەیسون کابرایەکی بە تەمەنی خەڵکی شاری بەسرە بوو ئەویش بە موئەبەد سزا درابوو پەیتا پەیتا چیرۆکی گیرانەکەی دەگێڕایەوە؛ «لە بەسرەوە مامەڵەی خانەنشینیم تەواو کرد و هاتمە خانەنشینی گشتی بەغدا ئێوارە لەگەڵ برادەرێکی دێرینم روومان کردە ئەبو نەواس تا بەتەواوی مەست بووین بیرەمان نۆشکرد، تەلەفزیۆن لەو کاتەدا سەردانێکی (صدام حسین)ی نیشاندا کە لە شاری بەسرە بوو، باسی ئەوەی بۆ جەماوەر دەکرد کە چۆن بەقسەی خۆی (پێنج رۆژ و پێنج شەو) نانی نەخواردوە !! منیش گوتم (پەح لەو درۆیە)!! هەر ئەوەندەم زانی، دەورمان گیراو ئەمنی گشتی خۆت بگرە، بەو پیرییە جێی ساغیان لە لەشما نەهێشت، گوتم ئێستا چیتان دەوێ؟! بۆ خاتری خوا، گوتیان گاڵتەت بە (سید الرئیس) کردووە، گوتم باشە چیتان مەبەستە بنووسن رۆژی دوایی لە دادگا بە تاوانی (پەح) سزا درام و برادەرەکەشم بە تاوانی (تستر علی پح) پێنج ساڵ سزا درا!! ».

زیاد باوەقوبی شوانێکی خەڵکی دێی باوەقوبی کۆیە بوو، لە قەراغ

شەقامی نێوان کۆیە ـ هەولێر، مەڕ دەلەوەڕێنی، چەند ئۆتۆمۆبێلێکی جاشان دێن و لای ئەو رادەگرن، ئەڵێن؛ کاکی شوان وەرە ئۆتۆمۆبێلمان لەگەڵ پاڵدە، خۆی و پشتیوانی هاوکاری، رادەکەن و پاش پاڵدانی ئۆتۆمۆبێل، یەکسەر هەردووکیان دەگرن و پەل بەستیان دەکەن، بەرەو ئەمنی هەولێر، لەژێر زەبر و زەنگی لێدان، ناچاریان دەکەن کە بڵێن پێشمەرگەین، زیادی بەسەزمان چەند پارچە پولێکت دابایە دەستی، نەیدەزانی بیژمێری، تەمەنی خۆی بە شوانی بەسەر بردبوو، ئەوانیش هەردووکیان بە موئەبەد سزا درابوون و خرابوونە خانەی پێشمەرگە!!

بەعس وەکو حزبێکی رەفتار فاشی پێی وایە تاکە رێگا بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی، تۆقاندن و زەبروزەنگە. ئەو حزبە بەشێوەیەکی بنبڕ دیموکراسی و فرە حزبی رەت دەکاتەوە! بۆیە شەلم کوێرم هیچ نابوێرم، خەڵکی عیراق دەخاتە زیندانەکانی و بە هزری پاشکەوتووی خۆیان بەو کارە دەتوانن بەشێ لەو خەڵکە بنگۆم بکەن و بەشەکەی دیکەش، لە چوار دیوارەکانی زیندان چۆك پێ دابدەن و بە واتای خۆیان (اصلاح)ی بکەن!! ئەوەی من بینیم بە تەواوی پێچەوانەی ویستی ئەوان بوو!! سەرەڕای ئەوەی زۆربەی زیندانیان بەناچاری کرابوون بە سیاسی و دەبوایە لە نێویاندا ژمارەیەکی چاك ببن بە سیخوڕ و پیاوی بەعس بەڵام بەشی هەرە زۆریان خۆڕاگر و بەهەڵوێست و شۆڕشگێڕ بوون، بەڵگەشمان ئەوەیە لە یادی ساڵ رۆژی دامەزراندنی (ی. ن. ك) سروودی (ئینتەرناسیۆنال) زیندانی هێنابوویە لەرزین، هەڕەشە و لێدان بە هیچ جۆرێك نەبوو بە رێگری ئەو یادە ... ئەگەر چەند کەسێکی بودەڵەش بە ناوی (ئەنقەرچی) رام (دەستەمۆ) کرابوون، وەکو پیاوی (گول) هیچ کەسێك توخنیان نەدەکەوت و جێگای تف و نەفرەتی سەرتاپای زیندانییەکان بوون بە

کورد و عەرەبەوە!

مانگی دووجار چاوپێکەوتنمان هەبوو دیارە لەو رۆژانەدا خەڵکی عیراق و کوردستان هەر لە زاخۆوە تا دەگاتە قوڕنە روویان لە ئەبوغرێب دەکرد بەدەردەسەریەك دەهاتنە ژوورەوە زۆربەمان خۆزگەی مردنی خۆمان دەخواست نەك کەسوکارو خزم و هاوڕێکانمان بەو جۆرە ببینین، بەڵام چار چییە؟ جارێ لە دەرگای دەرەوە ژن، منداڵ، پیر و پەککەوتە ریسوا دەکران، دەبوورانەوە ماندوو شەکەت دەبوون!! لە ژوورەوەش لە سێ لاوە چاودێری دەکران (ئەمن، ئیستخبارات، موخابەرات) جگەلە گاردەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی!! زۆر جاریش لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرا!! بە هۆکاری ئەوەی زیندانی بێگانەمان لەگەڵ بوون بۆ ئەوەی رەفتاری نامرۆڤانەی فاشییەکان ئاشکرا نەبێت دیتنی ئەوان لە هۆتێلی شیراتۆن ساز دەدرا!!

دوو راستی هەبوون ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێ و باسیان نەکەم یەکەمیان هەڵوێستی کۆمیتەی هەولێری (ی. ن. ك) بوو کە ئەوکات پێکهاتبوو لە هەڤاڵان (عوسمان دزەیی، مەلا عەبدوڵڵا گعێتلی، مەلا محەمەدی بەحرکەیی و سەلاح خانەقینی) زۆر بە مەردانە و بە لەخۆبوردنەوە لەو ساتە تەنگ و دژوارە دوو هەزار دیناریان رەوانەکرد و خودی مەلا محەمەدی بەحرکەیی هێنای و بەهۆی لیژنەیەکەوە بەسەر زیندانیانی هەولێردا دابەش کرا، بەڕاستی ئەو کارە شتێکی کەم نەبوو، چونکە هەر ئاشکرا بوایە ئیدی هەموومان بەرەو مردن رادەپێچراین!!

دووەمیان؛ پیاوەتی و نیشتمانپەروەری چەند دەوڵەمەندێکی شاری هەولێر لە رۆژانی چاوپێکەوتن ئەگەرچی بۆ سەردانی کەسوکاری خۆیان دەهاتن یارمەتی کۆمەڵێك زیندانیان دەدا، ئەو ئاوڕ لێ دانەوەیە لە بارودۆخێکی ئاوا دژوار خۆی لە خۆیدا پشتیوانییە لە هەڵوێستی

زیندانی و کارێکی چاونەترسانە بوو بەڵگەیەکی زۆر پتەویشە بۆ ئەوەی کە دڕندەیی داگیرکەر هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی بزواندووە بۆ داکۆکی و بەرگری لە بوون و ئابڕوو و شکۆی نەتەوەیی خۆیان، ئەو بەڕێزانەش کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ یارمەتیان کرد بریتی بوو لە (مەلا ئیسماعیل، باوکی کاك نوری نانەکەلی پارێزەر، کەریم مەلا، عەبدوڵڵا کەبابچی، ئیبراهیم حەمەلاوی رواندزی) و زۆری تریش، حەتمەن لە سلێمانی، کەرکوك و دهۆکیش لەو جۆرە خێرخوایانە هەبوو، بەڵام من ناوەکانیان نازانم. بیرکردنەوە حوکمی (موئەبەد، پازدە ساڵ، دە ساڵ) بە رواڵەت وای دەگەیاند کە تازە زیندان بووە بە ئاخرین ماڵی ژیان! بەڵام ئێمەمانان هەموو شەوێك بە تەمای ئەوە بووین بەیانی لە خەو هەستین و بەرەو وڵات بارگە تێك بنێین، چونکە بوونی ئێمە لەو شوێنە پابەند نەبوو بە تەواو کردنی (ماوەی سزا) بەڵکو بەسترابووەوە بە دۆخی سیاسی زۆریش دڵنیابووین کە رژێمی دژی گەلی (بەعس) رژێمێکی کاتییە و هەر سات و کاتێك باری شۆڕشگێڕی لەبار بێت، دەیشکێنێ و دەیکات بە پەندی مێژوو زۆر. لە هەڤاڵان گەواهی ئەوەم بۆ دەدەن کە یەکێ دەیپرسی دەبێ کەی رزگار ببین ئازاد ببین، دەمگوت خۆتان بپێچنەوە ئامادە باش بن هاکا زەنگی رزگاری لێ درا ئەوەبوو لە (٦) مانگی ئەیلوولی (١٩٨٨) نزیکەی هەشت هەزار زیندانی کورد گەڕانەوە کوردستان برا عەرەبەکانیش دڵنیا کران، رۆژی رزگاری ئەوانێش بەدەم کەلەوەیە و هەر دەبێ کۆت و زنجیر بپسێی و رۆژی نوێ دەرکەوێ.

# وێنە و دۆکیۆمێنتەکان



**مام جەلال و محەمەد مەنگوڕی**

A Monthly Political Newspaper Published by
The Patriotic Union of Kurdistan

Editor – in – Chief
Arsalan Baez

Petuty Editor – in – chief
Azad Jundiani

Editing Staff
Dr. Fadhil Qaftan – Dilshad Abdul Rahman
Dr. Mohammed Ali Abdulla

1992, No.6
distan - Iraq

# NTHS OF INDIVIDUAL

*By Muhamad Manguri*   *Translated by Abdul-Kadir Ferhadi*

really thinking of death, I wasn't anxious about my young children; who would care cater for them; who would pamper them; what sorrowful condition they might be in. Yes, I was not thinking of my cherished ones because I was certain that those campanions who were still outside would care more than myself for them (and so they did in fact and I will always remain grateful to my companions of strife for their kindness and humanity, for after I was sentenced and was first visited in Abu-Ghreb prison bu my family, I was confirmed of the faithful stand of these patriotic friends with regard to my family).

Sometimes I thought: "I am finished my children are orphaned-but let them be proud orphans; proud of their father who never let his nation down. Then what about the struggle companions? Where have they scattered? What are they thinking about? Will they believe that I with my weak body and my declining age will stand the horrors of the torture of the Baathists? will they think that I may break the vow of honour. Oh, dear friends, how sweet it is, at such times, to rave in such away which regains you your strength and ability to restore your zeal and high spirits! Raning became a permanent part of my the then living (It can't be. I mustn't utter even a single word! Man dies but once. Even if they tear me into pieces, I will not confess the least worthless- detail. The secrets of a people. The secrets of a city are my responsibility. How can one confess the confidence of history? They say "A 'made' sheep (a ram) is for slaughter". How wonderful it is that tomorrow the news of the martyrdom of a man-a real one- would reach the city. Hope is great. How nice to return to the city in didn't and embrace comrades, friends and darlings. To cut it short, I woke up amid my raving and crying.., :I swear I will never yield"...

I didn't last long after regaining my consciousness when I heard the outer door flung open. (Whenever the prisoners heard the sound of this door, their heart would start pounding for When anyone wassummoned, it meant that he would be taken for a session of horrifying torture)... Thus they shouted in Arabic Minu? (Whos it?) I answered... They dragged me out and started at me dragging me towards the slaughter-house-I mean the torture room- What a dark horrible room! Horrible for all that blood inside it. Human blood. You couldn't even walk because of the blood!! A rope was danglk ling from the ceiling electrical cables, electric shocks. They will kick you like a ball till they are exhausted. You don't wish it even for your enemy! Sons of ...!, such thick necks they have. Two of them would kick you from one side and another two are ready for you on the other side! They strip you off all your garments. They start at you with their cables, electric shocks. Only God knows what do to you! They say that one's spirit is in such a strong place that it doesn't get out of you easily, but it very often does! I was crying "For God's sake"; They answered "God is not here", I shouted "For Muhamad's-

*Page 7*

**A Monthly** Political Newspaper Published by
The Patriotic Union of Kurdistan

Editor – in – Chief
Arsalan Baez

Petuty Editor – in – chief
Azad Jundiani

Editing Staff
Dr. Fadhil Qaftan - Dilshad Abdul Rahman
Dr. Mohammed Ali Abdulla

1992, No.6
*distan - Iraq*

# NTHS OF INDIVIDUAL

*By Muhamad Manguri* *Translated by Abdul-Kadir Ferhadi*

really thinking of death, I wasn't anxious about my young children; who would care cater for them; who would pamper them; what sorrowful condition they might be in. Yes, I was not thinking of my cherished ones because I was certain that those campanions who were still outside would care more than myself for them (and so they did in fact and I will always remain grateful to my companions of strife for their kindness and humanity, for after I was sentenced and was first visited in Abu-Ghreb prison bu my family, I was confirmed of the faithful stand of these patriotic friends with regard to my family).

Sometimes I thought: "I am finished my children are orphaned-but let them be proud orphans; proud of their father who never let his nation down. Then what about the struggle compaions? Where have they scattered? What are they thinking about? Will they believe that I with my weak body and my declining age will stand the horrors of the torture of the Baathists? will they think that I may break the vow of honour. Oh, dear friends, how sweet it is, at such times, to rave in such away which regains you your strength and ability to restore your zeal and high spirits! Raning became a permanent part of my the then living (It can't be. I mustn't utter even a single word! Man dies but once. Even if they tear me into pieces, I will not confess the least worthless- detail. The secrets of a people. The secrets of a city are my responsibility. How can one confess the confidence of history? They say "A 'made' sheep (a ram) is for slaughter". How wonderful it is that tomorrow the news of the martyrdom of a man-a real one- would reach the city. Hope is great. How nice to return to the city in didn't and embrace comrades, friends and darlings. To cut it short, I woke up amid my raving and crying.., :I swear I will never yield"...

I didn't last long after regaining my consciousness when I heard the outer door flung open. (Whenever the prisoners heard the sound of this door, their heart would start pounding for When anyone wassummoned, it meant that he would be taken for a session of horrifying torture)... Thus they shouted in Arabic Minu? (Whos it?) I answered... They dragged me out and started at me dragging me towards the slaughter-house-I mean the torture room- What a dark horrible room! Horrible for all that blood inside it. Human blood. You couldn't even walk because of the blood!! A rope was danglk ling from the ceiling electrical cables, electric shocks. They will kick you like a ball till they are exhausted. You don't wish it even for your enemy! Sons of ...!, such thick necks they have. Two of them would kick you from one side and another two are ready for you on the other side! They strip you off all your garments. They start at you with their cables, electric shocks. Only God knows what do to you! They say that one's spirit is in such a strong place that it doesn't get out of you easily, but it very often does! I was crying "For God's sake"; They answered "God is not here", I shouted "For Muhamad's-

الى البلدية          محضر ضبط          ٢

١٢/٢/١٩٨٦

لدى تفتيش المتهم محمد حسن محمد منگوري فقد تم عثورنا على المبرزات المبينة تفاصيلها ادناه:.

١) ١٣١ مائة وواحد وثلاثون دينار عراقيا

٢) هوية شخصية باسمه صادرة من رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان

٣) وفد صادر من الجبهة الكردستانية الى مسؤولية في محافظة اربيل

٤) لطانيين يا رضيب يوم محافظة اربيل لعام ١٩٨٦

٥) مجموعة مصورات .

عليه تم ضبط المواد .


٦) ساعة يدوية نوع اورينت .

اريد ضبط المواد بحوزتي

المحقق

المتهم

محمد حسن محمد منگوري



امن البلدة

محضر ضبط

٢

١٩٨٦/٤/١٢

لدى تفتيش المتهم محمد حسن محمد ملكاري فقد عثرنا بحوزته على المبرزات المبينة تفاصيلها ادناه:

١) ١٣١ مائة وواحد وثلاثون دينار عراقيا

٢) هوية شخصية باسمه صادرة من رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان

٣) وصل صادر من الجمعية التعاونية الاستهلاكية في محافظة اربيل

٤) بطاقتين يا نصيب يوم محافظة اربيل لعام ١٩٨٦

٥) مجموعة مصورات .

عليه تم ضبط المواد .


٦) ساعة يدوية نوع اورينت .

اريد ضبط المواد بحوزتي

المحقق

المتهم

محمد حسن محمد ملكاري



اتش البلدة

محضر ضبط

٢

١٢/٢/١٩٨٦

لدى تفتيش المتهم محمد حسن محمد منكوري فقد تم العثور على المبرزات المبينة تفاصيلها ادناه :-

١) ١٣١ مائة وواحد وثلاثون دينار عراقيا

٢) هوية شخصية باسمه صادرة من رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان

٣) وفد صادر من الجبهة الكردستانية الى مستهلاكية في محافظة اربيل

٤) بطاقتين يانصيب يوم محافظة اربيل لعام ١٩٨٦

٥) مجموعة مصورات .

عليه تم ضبط المواد .

٦) ساعة يدوية نوع اورينت .

اريد ضبط المواد بحوزتي

المحقق

المتهم

محمد حسن محمد منكوري

/ برقيه سريه فوريـــه /

الى / ضابـــط/ شر ٠ج ٦٤ وقت الانشاء ويومـــه

من / أمن أربيل / ج ٠ق١ ============

١٨/٧/١٩٨٧

٢٩٨٥

رقم المنشأ / (٠) كتابكـــم ٢٦٩٤ فـــي ٥/٤/١٩٨٧ (٠)

يرجى تبليغ الشاهد (محمد ركم) بالحضور أمـام رئاسه محكمه الثوره / بغداد / صباح يوم ٢٣/٧/١٩٨٧ للأدلاء بشهادته ضد المتهم محمد حسن محمد مذكوري في القضيه المرقمة ٣٧/١٩٨٧/١/٦٦ واعلامنا لطفاً ٠

د/مدير أمن محافظه اربيل

م/ ١٧/٧

/ برقيه سريه فوريـــه /

الى / ضابـــط/ ش ٠ ج ٦٤ وقت الانشاء ويومـــه

من / امن اربيل / ج ٠ق١ ============

١٨ /٧/ ١٩٨٧

٢٩٨٥

رقم المنشأ/ /(٥) كتابكـــم ٢٦٩٤ فـــي ١٩٨٧/٤/٥ (٥)

يرجى تبليغ الشاهد (محمد ركم) بالحضور امـام

رئاسه محكمه الثوره / بغداد / صباح يوم ١٩٨٧/٧/٢٢ للادلاء

بشهادته ضد المتهم محمد حسن محمد منكوري في القضيه المرقمة

٣٧/١٩٨٧/١/٦٦/ واعلامنا لطفـاً ٠

د/مدير امن محافظه اربيل

م/ ٧/١٢/٧

/ برقيه سريه فوريـــه /

الى / ضابــط / ش ٠ج ٦٤ وقت الانشاء ويومـــه

من / أ٠من أ٠ربيل / ج ٠ق ١ ============

١٨ / ٧ / ١٩٨٧

٢٩٨٥

رقم المنشىء / /(٠) كتابكــم ٢٦٩٤ فــي ٥/٤/١٩٨٧ (٠)

يرجى تبليغ الشاهد (محمد ركم) بالحضور أمـام رئاسه محكمه الثوره / بغداد / صباح يوم ٢٣/٧/١٩٨٧ للأدلاء بشهادته ضد المتهم محمد حسن محمد مذكوري في القضيه المرقمة ٣٧/١٩٨٧/١/٦٦/ واعلامنا لطفـاً ٠

د/مدير أمن محافظه اربيل

م/١٧/٧

/ برقيه سريه فوريـــه /

الى / ضابــط / شر ٠ ج ٦٤ — وقت الانشاء ويومــه

من / أمن أربيل / ج ٠ ق ١ — ============

١٨ /٧/ ١٩٨٧

٢٩٨٥

رقم المنشىء / /(٥) كتابكـم ٢٦٩٤ فــي ٥/٤/١٩٨٧ (٥)

يرجى تبليغ الشاهد (محمد ركم) بالحضور أمــام رئاسه محكمه الثوره / بغداد / صباح يوم ٢٢/٧/١٩٨٧ للأدلاء بشهادته ضد المتهم محمد حسن محمد منكوري في القضيه المرقمة ٣٧/١٩٨٧/١/٦٦/ واعلامنا لطفـاً ٠

د/مدير أمن محافظه اربيل


م /١٧/٧



محەمەد مەنگوڕی ١٩٦٠



محەمەد مەنگوڕی ١٩٦٤



**خانەی مامۆستایان، هەولێر - ١٩٦٣**




**یوسف ئەحمەد دەرگەڵە، محەمەد مەنگوڕی - ١٩٦٣**



ئاهەنگی نەورۆز، هەولێر - ١٩٦٣



**محەمەد مەنگوڕی و هاوڕێیەکی - موسڵ — ٢٦/ ٨/ ١٩٦٣**



**عەبدوڵڵا حەبیب و محەمەد مەنگوڕی**



کۆنفرانسی ماوەت — ١٩٦٤/٣/٢٨



محەمەد مەنگوڕی لە ریزی دانیشتوان لای چەپەوە سێیەم کەس بەندیخانەی رانیە – ١٦/ ٩ / ١٩٦٤



ئاهەنگی ١١ی ئازار ساڵی ١٩٧٣ هەولێر



**محەمەد مەنگوڕی لە ئەمریکا - ٢٠٠١**



محەمەد مەنگوڕی — ١٢ / ٦ / ١٩٩١



محەمەد مەنگوڕی و دکتۆر ئەحمەد شەریف



محەمەد مەنگوڕی لە کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ لێپرسراوانی ئیدارەی سنووری پارێزگای هەولێر



قائیمقامەکان لە حکومەتی ئیدارەی سلێمانی



**لەبەردەم کۆشکی سپی - ئەمریکا - ٢٠٠١**

## بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری

## لە ساڵی ((٢٠٢٤ - ٢٠٢٥)

| ز | ناوی کتێب | نووسەر - وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ١- | الدولة الفاشلة | عدنان منصور | ٢٠٢٤ |
| ٢ - | پێکهاتنی ژیانی حزبایەتی لەجیهاندا | محمد فاتح | ٢٠٢٤ |
| ٣ - | مواقف و آراء | جلال طالباني | ٢٠٢٤ |
| ٤ - | شۆڕشی نویَ لە پراکتیکدا | جەلال تاڵەبانی | ٢٠٢٤ |
| ٥ - | الهم الوطني | اعداد: محمد شيخ عثمان | ٢٠٢٤ |
| ٦ - | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕەهەندەکانی جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆر | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٢٤ |
| ٧ - | پۆپۆلیزم و دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ڕێکەوت اسماعیل | ٢٠٢٤ |
| ٨ - | بیرەوەرییەکانم | نەجمەدین گلی | ٢٠٢٤ |
| ٩ - | دەرکەوتن لە میدیا - ڕێنمایی سەرەتایی بۆ کاندید | بەهێز حسێن | ٢٠٢٤ |
| ١٠ - | سنورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان | د. ئەکرەم میهرداد | ٢٠٢٤ |
| ١١ - | بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان - بەرگی یەکەم | سامی قادر | ٢٠٢٤ |
| ١٢ - | تۆماری سەروەری (٨ بەرگ) | ئازاد سەراوی | ٢٠٢٤ |
| ١٣ - | جەنگی سارد | ڕێکەوت ئیسماعیل | ٢٠٢٤ |

| ز | ناوی کتێب | نووسەر - وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ١٥ - | ڕەهەندی تەندروستی ـ بەرگی سێهەم | گۆران سەلام | ٢٠٢٥ |
| ١٦ - | الشرارة – دوو بەرگ | پرۆژەی هاوبەش – بنکەی ژین | ٢٠٢٥ |
| ١٧ - | ڕاگەیاندن و هونەر لە شۆڕشی نوێدا | عەباس عەبدولڕەزاق | ٢٠٢٥ |
| ١٨ - | شۆڕشەک ژ هەلەمورا شۆڕشەکێ ٣٨ کاروانێ شۆڕەشگێڕان | ن: بلند شالی کوردیکرن: محسن عةبدولڕەحمان | ٢٠٢٥ |
| ١٩ - | پارتیزانەکانی دوای ئەنفال | محمد تەقی | ٢٠٢٥ |
| ٢٠ - | فەرهەنگی سیاسی | برایم جەلال | ٢٠٢٥ |
| ٢١ - | سەروەرانی زیندانیانی موسڵ | ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد | ٢٠٢٥ |
| ٢٢ - | شۆڕشی نوێ و یەکێتیی ماملۆستایانی کوردستان لە شاخ | محمد شێخ عبدالکریم سۆڵەیی | ٢٠٢٥ |
| ٢٣ - | في ادبيات حركة الكردايتي | ن: ستران عبدالله ترجمە: علي شمدين | ٢٠٢٥ |
| ٢٤ - | کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد | جەلال تاڵەبانی | ٢٠٢٥ |
| ٢٥ - | یەکیتیی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەیدا | دەقی عەرەبی: جەلال تاڵەبانی وەرگێڕان: شاسوار جەلال | ٢٠٢٥ |
| ٢٦ - | سەنگەر و خوێن | ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد | ٢٠٢٥ |

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری – بۆردی هۆشیاری